گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕاڤەی ڕەنگدانەوەی بەهایی نێوان ئایین و سیاسەت

## خوێندنەوەیەکی تیۆری بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی تەواوکار

**پ.ی.د. سەردار قادر محی الدين**
**بەشی گارگێری یاسا - کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نیودەوڵەتیە کان - زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی - هەولێر**
sardar479@yahoo.com

زانیاری توێژینەوە

ڕێکەوتەکانی توێژینەوە:
وەرگرتن: ٢٥- ٢ -٢٠١٦
ڕەزامەندی: ٢٨ -٤- ٢٠١٦
بڵاوکردنەوە: ٣١-٥-٢٠١٦

وشەسەرە کیەکان:
ئایین و سیاسەت، سیاسی تەواوکار

پوختە

لە تەواوی مێژووی سیاسی گەلانی ڕۆژهەلات و دنیای ئیسلامیدا ئایین و سیاسەت لە رکابەریدا بوون، نەك بەکاربردن و کارلێك، هەر ئەمەشە وای لە سستمی سیاسی ئەو وڵاتانە کردووە تا هەنووکە وێڵبن بە دوای چارەنوسی دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەگەر مشتومڕەکانی سەدەیەك پێش ئێستا بێنیتەوە بیرخۆت یان پەڕاوەکانی مێژووی مشتومڕی سیاسی هەڵبدەیتەوە هەمان مشتومڕی ئەوڕۆ دەبینیت و لایەنەکانی ئیسلامخواز و بەرەی نەیارانیان هەمان گوتەکانیان دووبارە دەکەنەوە، هەر دووکیان لە نێو بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە، باجەکەشی تەنها گەلانی هەژارو بێدەرەتانی ئەو وڵاتانە دەیدەن و لە شوێن خۆیان دەخولێنەوەو هاوکێشەی بەرەو پێشچوونیان لە دۆزی صفر بەولاوە چیتر ناخوێنێتەوەو ئاماژە بە بێجگە لە دواکەوتن و بەرەودواچوون هیچی تر نادا. چونکە یەکێك لە حیکمەتە سیاسیەکانی دونیای ڕۆژئاوا چارەسەرکردنی پرسی دەسەڵاتە، کە گەل خاوەنیەتە، نەك بەرپرسەکان و پاشایان، پۆستەکانیش جێی متمانەی گەلن و هەر ئەویش پێیان دەدا نەك خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆیان.

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لەو حیکمەتەدا ئەوە ڕۆشـن بۆتەوە کە دەسـەڵات تەعبیرە لە ناسـنامەی بەهایی و ئایدۆلۆژی گەل، تەواوی دامودەزگاکانیش هەر ئەو بونیادە کە بریتیە لە کەسـێتی مەعنەوی گەل دەپارێزن و بەرەو پێشـەوەی دەبەن. ئەو خاوەنی دەسـەڵات و بەرپرسـانیش لێپرسـراوێتیان هەیە کە ئەو پێیان دەبەخشێ و لێیان دەسێنێتەوە.

ئەو حیکمەتەی کە گەلانی ڕۆژئاوا پێی گەیشتن و پەرەیانسەند لە میانەیەوە، پێشـتریش لە دونیای ئیسـلامیدا هەر هەبوو، بەڵام کەم حیکمەتی باوەڕداران لەو میانەوە بووە مایەی پاشـکەوتنیان هەتا هەنووکە، گەورەترین گرفتیش لەبەردەم بەرجەسـتەبوونی سـسـتمی ئیسـلامی لە زەمینی واقعدا لەو ڕوانگەیەوە سـەر دەکێشـێ، ئەوەی کە ئێسـتا پێی دەڵێن نا گەل و دەسـەڵات جیابکرێتەوە، چونکە دەبێتە مایەی ستەم و زۆرداری و دواکەوتنی کۆمەڵگاو بێ ئاکام مانەوەی سیاسـەت لەو کۆمەڵگایانەدا. هەر چۆنێك باس لە سیاسەت بکەیت لە ڕوانگەی دەسـەڵاتی سیاسیەوە لە زۆربەی زەمەنیدا مێژووی سیاسی ئیسـلامیدا بێهودەییەو هیچـی تر، ئەوە نیە کە بەرنامەکە دەیخوازێ و لە پێناویدا ڕەوانەکراوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پەیامەکە لە پاشـەکشـە دابووبێ، لەبەرئەوە پێویستە دوو سستم لەو میانەوە جیابکرێتەوە، ئەوانیش سـستمی بەهایی یا ئاکاری لەگەڵ دەسـەڵاتی سیاسـی. یەکەمیان هەمیشـە لە ئاسـتێکدا وەسـتاوە، ئەگەرچـی هەندێ جار پێشـکەوتنی بەخۆیەوە نەدیبێ، بەڵام چـونکە کەمتر پشـتی بە دەسـەڵات بەسـتووە کاری سـاز بووە، بەڵام دەسـەڵات هەمیشە لە گرفتدا بووەو لە زۆر زەمەندا لەلا ڕێدا گوزەری کردووە نەك ڕەوتی ڕەسەنی خۆی.

لەو دیدگایەدا ئومەت پێش دەسـەڵاتی سـیاسـی دروسـت دەبێ، کۆمەڵگەو کۆمەڵی سـیاسـیش بۆ ڕێکخسـتن و ئاڕاسـتەکردنی گەل هاوتەریبن، هەر ئەمانیشن کە دەسەڵات دروست دەکەن، پێش ئەو سستمی سیاسیەش سستمێکی تر هەیە کە بە مەبەسـتی ڕێکهێنان و ڕێکخسـتنی کۆمەڵگە بونیاد نراوە

**کەئەویش سستمی کۆمەڵایەتیەو پێویستە تاکەکان بە قەناعەتی ئازادانەی خۆیان پابەندبن پێوەی، کە لەو سستمەدا بەهاکان ڕۆڵی سەرەکی و سەرچاوەی بنەڕەتی پابەندبوونن، لەو زەمینەدا بنەمای یاسایی نوسراو نیە، بەڵام نەریتەکان بەهۆی بوونی صفەتی پابەندیی توانای ئاڕاستەکردن و ڕێکهێنانی تاکەکانایان هەیە، چونکە پێشتر تاکەکان لەسەر ئەو بەهایانە پەروەردە دەکرێن و کەسێتیان بۆ دروست دەکرێ، ئەو کەسێتیەش جێی پەرتەوازە و جیاکردنەوە نیە، هەر بۆیە ئەو بەهایە کارلێك و ڕەنگدەدەنەوە لە تەواو کارەکانی تری پەیوەست بە تاکەکان، تایبەت سیاسەت، ئەمە زیاتر لە ڕەفتاری سیاسیدا وایە، دەنا لە ڕەفتارێکدا کە لەسەر بنەمای یاسایی و کارگێڕی بونیاتنرابێ ئەستەمەو نابێ، چونکە مایەی پێکهەڵپرژانی بەهاکان ڕوودەدا، هەر بۆیە ئەو بەهایانەی کە دەسەڵات دەبەن بەڕێوە هەرچەندە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەو سستمی کۆمەڵگەو بەهاکانیەتی و لە دەستوردا چەسپیون، بەهای هاوبەشن بێلایەنانە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و نابێ هیچ پاشگرێکیان هەبێت. بەمەش ئەو ڕاستیە بەدەر دەکەوێ کە گرفتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە، بەوەی لە ڕەفتاری سیاسیدا ئایین و سیاسەت لە کارلێك و ڕەنگدانەوەدان، بەڵام لەسەر ئاستی دەسەڵات ئایین لای دەوڵەت جێی دەکرێتەوەو دەوڵەت دەبێ بێلایەن بێ و خاوەنی هیچ پاشگرێك نەبێت.**

## گرنگی توێژینەوە

**لەو نێوەندەدا پێدەچێ گرنگی بابەتەکە لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:**

1. **بەدواچوونێکی زانستی لە مشتومڕێکی فراوان و شۆککەردا پێویستی بە دەرچەیەك هەیە، هیواخوازین بەشداری لە دروستکردنی ئەو دەرچەیەدا بکەین.**
2. **دیاردەی سیاسی پەرت ناکرێ، چونکە لە هەناوی سستمی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێ.**
3. **دەستەی سیاسی و زۆرێك لە ڕەوت و تێزە ئیسلامیەکان خۆیان گرفتیان هەیە لەو بابەتەدا، ئیتر چۆن بۆ ئەوانی تری ڕوونبکەنەوە، هەر بۆیە گەورەترین و بنەڕەتیترین قەیران لە هزری سیاسی ئیسلامیدا ئەوەیە کە پەیوەستە بە دەسەڵات و کاری سیاسیەوە.**
4. **هەوڵێکە بۆ خستنەوەی چەند فورسەتێك بۆ مشتومڕ تا بە هەمووان بگەنە دەرچەیەك کە کرۆکی قەیرانەکەیە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئامانجی توێژینەوە

لە دوو ڕەهەندا کۆیان دەکەینەوە:

1. باسکردن لەو پەیوەندیە تەواوکاریەی کە لە نێوان ئایین و سیاسەتدا هەیە لەسەر ئاستی ڕەفتاری سیاسی کە هەمیشە کارلێك و ڕەنگدانەوە بە خۆیەوە دەبینێ.
2. ناکرێ ئەو دوو دیاردەیە وا بە ئاسانی لەیەکتر بترازێندرێ و جیابکرێنەوە.

## گرفتی توێژینەوە

ئایا ئایین و سیاسەت یەك دیاردەن؟ ئایا کامیان بەشێکە لەوی تر؟ ئایا بەهاکان چ کاریگەریەکیان هەیە بەسەر سیاسەتەوە؟ ئایا ئایین پێش سیاسەت کەسێتی تاکەکان دەڕەخشێنێ؟ یان سیاسەت ڕێکیدەخات؟ ئایا کامیان کارلێك لەگەڵ ئەوی تردا دەکات؟ ئایا هەر دووکیان قابیلی کارلێك و ڕەنگدانەوەن لەوی تردا؟ ئایین دەتوانێ دژواریەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات یان ئایین؟ ئایا حیکمەتی سیاسەت لە کوێ دایە کە کۆمەڵگەیەکی پڕ تەبا پێکبێنێ؟ یان ئەو ڕۆڵە دراوەتە ئایین؟ ئایا تەواوی بەهاکان لە ئایینەوە سەرچاوە دەگرن یان دیاردەکانی تری کۆمەڵگەش پشکیان هەیە؟ ئایا ئەو کارلێکەی کە هەیە یان ئەو پەیوەندییە تەواوکاریەی نێوانیان تەنها لەسەر ئاستی ڕەفتاری سیاسی دەبێ؟ یان دەگوازرێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی؟ ئایا دەکرێ واقعی دەسەڵاتی سیاسی بە مەنتقی سستمی بەهاکان ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ؟ ئایا ڕۆڵی کارلێکەکە دوای دروستبوونی دەسەڵات تەواو دەبێ؟ ئایا ئایین لە دەسەڵاتدا جێی دەکرێتەوە یان ئایین جێی سیاسەت دەکاتەوە لە دەسەڵاتی سیاسیدا؟

## گریمانەی توێژینەوە

بابەتی توێژینەوەکە لەسەر یەك گریمانە وەستاوە کە کاری یەکلاکردنەوەی لەسەر دەکرێ، ئەویش: ئایین و سیاسەت دوو دیاردەن لەسەر ئاستی ڕەفتاری سیاسی لە یەکتری جیاناکرێنەوە بەڵکو کارلێك و ڕەنگدانەوەیان هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی دەوڵەت ئایین جێی دەکرێتەوەو پێویستە دەسەڵات بێلایەن و بێ پاشگر بێت.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوە تیۆریەدا بۆ گەیشتن بە یەکلاییکردنەوەی بەرەنجامەکانی گریمانەکە، سوود لە میتۆدی وەصفی و هەڵسەنگاندن وەرگیراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزیی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- كوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پەیكەری توێژینەوە

توێژینەوەكە كە ناونیشانی " ڕاڤەی ڕەنگدانەوەی بەهایی نێوان ئایین و سیاسەت خوێندنەوەیەكی تیۆری بۆ كۆمەڵگەیەكی سیاسی تەواوكار" وەرگرتووە، لە پێشەكی و پلانی توێژینەوەو دوو بەش و كۆتایی كە لە پوختەو دەرئەنجام و پێشنیار پێكهاتووەو دواتریش لیستی سەرچاوەكان.

لە بەشی یەكەمدا كە بە ناونیشانی ڕاڤەی پەیوەندی ئایین و سیاسەتە باس لە پێگەی سیاسەت لای مرۆڤ و كۆمەڵگەی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی كراوە. بەڵام بەشی دووەم كە ناونیشانی ڕەهەندەكانی پەیوەندی تەواوكاریانەی نێوان ئایین و سیاسەتە باس لەو ڕەهەندانە دەكات كە چۆن ئایین لە ناو خودی دەسەڵاتی سیاسیدا ڕەنگدەداتەوەو جێی دەكرێتەوە. هەر ئاواش لە كۆتاییدا باس لە پوختەو بەرەنجامەكان و پێشنیارەكان دەكەین و لیستێكیش لە سەرچاوە سوود لێوەرگیراوەكان دەخەینەڕوو.

### بەشی یەكەم: ڕاڤەی پەیوەندی ئایین و سیاسەت

### یەكەم: پێگەی سیاسەت لای مرۆڤ

مرۆڤ كائینێكی نامۆ بە سیاسەت نیە، تا ئەو ڕاددەیەی كە سیاسەت وەزیفەی ئەوە، بەدەر لە سەرجەم ئەوانی تر كە لەلایەن پەروەردگارەوە دروستكراون، لەوەش زیاتر تەنانەت زۆرێك ماهیەتی بوونی مرۆڤ لەو واقعە نزیكە، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە تەنها دەسەڵات نیە، بەڵكو باڵادەستی ئەوە بەسەر تەواوی بوونەوەرەكانی ترو ڕكێفبوونیانە بۆ لای ئەو، ئەویش هەر لە بنەڕەتدا ئەو تواناو نیعمەتە ئیلاهیەی پێدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا توانای ڕامانبوون لەسەر شتەكان و دواتر هەوڵدان بۆ بڕیار لەسەردانیان. هەر بۆیە مرۆڤ دوو خەصڵەتی هەیە كە لەوانی تر جودایە، ئەویش: توانای ئیدراك یان پەیپێبردن و توانای هەڵبژاردنی هەیە. كە ئەمەش كارێكی ئاسان نیەو خودی ژیان لە خۆیدا ئاڵۆزە، خۆ ئەگەر مرۆڤەكان بەو توانایەوە دروست نەكرانایە، ئەوا هەڵیان نەدەكرد و دووچاری قەیران دەبوون. جا كەواتە مرۆڤ و سیاسەت دوو دیاردەی تەواوكەری یەكترین، بەڵكو جیاكردنەوەیان هیچ مانایەك بۆ ئەوی تریان ناهێڵێتەوە.

مرۆڤ و كۆمەڵگاو سیاسەت، سێ دیاردەن پێویست و تەواوكاری یەكترین، ئەوان كۆمەڵگە بونیاد دەنێن و بە سیاسەتیش دەیبەن بەڕێوە، ئەمەش لەپێكهاتە بنەڕەتیەكانی سروشتی مرۆڤە(1)، بەوەی كە هەمیشە

(1) د. قباري محمد إسماعيل، **الاتجاهات المعاصرة في مناهج علم الاجتماع**، ط1، ( بيروت، دار الطلبة العرب، 1969 )، ص550.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لەناویاندا دەبێ دیاردەی فەرمان و گوێڕایەڵی هەبێ، یان بەمانایەکی تر دەبێ فەرمانکار و گوێڕایەڵ هەبێ، هەر ئەویشە کە دەبێ یەکێك لەو دوانە هەڵبژێرێ یان دەبێ فەرمانکەر بێ یان دەبێ گوێڕایەڵ، هاوتەریب لەگەڵ بوونی دیاردەی دۆست و دوژمن(2). لەبەرئەوە هەڵسانی مرۆڤەکانی بەکاری سیاسەت حەتمیەو یەکێکە لە هۆکارەکانی مانەوەی کۆمەڵگەکان و بەردەوام بوونیان. سیاسەتیش سروشتی وەزعیەتی تێدایەو جەخت لەسەر چۆنیەتی کار بەڕێوەبردن و چارەسەرکرنی گرفتەکان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکان دەکاتەوەو پەراوێزخستن و وەلانانی مەحاڵە(3)، بەوەی سیاسەت و گرفتەکان دوو دیوی یەك دیاردەن،هەر کاتێك گرفت هەبوو سیاسەتیش لەوێیە، خۆ ئەگەر گرفتیش نەما سیاسەتیش ماهیەت و بوونی نامێنێ، بەڵام ئەمە مەحاڵە، هەتا مرۆڤ بمێنێ گرفتیش دەبێ، کەواتە سیاسەتیش کە دەبێ(4).**

**دروستکردنی دیاردەی سیاسەت پێش دروستبوونی دەوڵەتە، چونکە دواتر دەسەڵات لەسەر ئەو واقعە سیاسیەی کە پێش ئەو هەبووە بونیاد دەنرێ، خۆ ئەگەر ڕۆژێکیش لە مێژوودا دەوڵەت نەبووبێ، ئەوا مانای ئەوە نەبووە کە دیاردەی سیاسی نەبووە، چونکە تەنها سیاسەتە کە توانی کۆنترۆڵکردنی گرفتەکانی هەیە لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر کۆمەڵگەیەکیش بەردەوام لە گرفتدا بێت، ئەوا سیاسەت لەناویدا بەپێی پێویست بەرجەستە نەبووەو مانای خۆی وەرنەگرتووە، چونکە سیاسەت لە باشترین پێناسەیدا بریتیە لە ڕامان لەسەر دیاردەی مرۆڤ و بەرەوپێشچوون و باشکردنی ئایندەیانە(5). هەر بۆیە سیاسەت وەك حیکمەت وایە، دەبێ کۆمەڵگەو کۆمەڵەو دەستەو هزریارەکانی بە شوێنیدا وێڵ بن، چونکە کلیلی چارەسەری گرفتەکان و بەرەوپێشچوونیانەو هەر لەو میانەیەوە دەتوانن ناکۆکیەکانیان خاڵی بکەنەوەو دووچاری تەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسی بن(6).**

**ئەمە مانای ئەوە نیە کە مرۆڤ ماهیەتی ژیانی بە تەنها لەبواری سیاسیدا بڕەخسێنێ و بەرجەستەی بکا، بەڵکو ماهیەتی بوونی مرۆڤ لەوە گەورەترەو بەوەی پێویستە دەبێ پەیامی مرۆڤایەتی خۆی کە گەورەو ئاڕاستەکراوو ڕێکفکارو بە هەژموونی سەر زەوی بەرجەستە بکات، ئەمەش دیارە بێگومان دەبێ لە میانەی پەیامێك و مەنهەجێکی دیاریکراوەوە تەواوی سستمی ژیانی بڕەخشێنێ. بەڵام لەو نێوەندەدا سیاسەت ڕۆڵی**

---

( 2 ) د. محمد طه بدوي & د. ليلى أمين مرسي، **المبادىء الأساسية في العلوم السياسية**، (الإسكندرية، منشأة المعارف، 2000)، ص54.
( 3 ) د. حسن نافعة، **مبادىء علم السياسية**، (القاهرة، مكتبة الشروق الدولية، 2002)، ص 13.
( 4 ) د. عصام سليمان، **مدخل إلى علم السياسة**، ط1، (بيروت، الدار الجامعية للطباعة والنشر، 1986)، ص 25.
( 5 ) د. سردار قادر محى الدين، **الحالة الإفتراضية لدى صانع القرار السياسي دراسة نظرية تحليلية**، مجلة الجامعة السليمانية/ قسم B الدراسات الإنسانية، العدد: 43، تشرين الثاني 2013، ص 256.
( 6 ) ناصف نصار، **منطق السلطة مدخل إلى فلسفة الأمر**، ط1، ( بيروت، دار أمواج، 1995 )، ص16.

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میحوەری و جەوهەری هەیە، بەوەی کە پرسیارەکە لەوەوە دەست پێدەکات کە چۆن دەبێ کۆمەڵگاو کەسەکان کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن و بەردەوامی پێبدەن. کەواتە سیاسەت ڕامانە لەسەر کارەکان و عەقڵکاریەو بەدوای باشترین ڕێگەچارەو هۆکاردا دەگەڕێ بۆ بەرجەستەکردنی ئەو سستمە بەهاییە گشتگیریەی کە کۆمەڵگای لەسەر پێکهاتووەو دروست بووە.

لێرەدا لەو نێوەندەدا ڕۆڵی سیاسەت بەدەردەکەوێ، بەوەی کە تا چەند سیاسەت دەتوانێ تەحەککوم لە کارەکاندا بکات و دژوارەکان کۆبکاتەوەو قەیرانەکان ڕام بکات و چارەسەرەکان بە گونجاوی بدۆزێتەوەو هەوڵی باشترکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا بێ بۆ بەرەو پێشبردنی، لە ئاکامیشدا ئامانجێك بەرجەستە دەبێ‌و قووت دەبێتەوە کە هەمووان لەسەر ئاستی کۆمەڵگاو لە هەموو بوارەکاندا کاری بۆ دەکەن، ئەویش ژیارو شارستانی و بەختەوەریە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا. دیارە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش ئەو مەسەلە جەوهەریەی کە دەبێ لە سیاسەتدا هەیە بەرجەستە بێ بێتەدی، ئەویش حیکمەتە کە هیچ سیاسەتێك بەبێ حیکمەت بەرەنجامێکی ئەوتۆی نابێت.

تاکەکان لەو نێوەندەدا لەسەر ئەو مەنهەجی ژیانە پەروەردە ئەبن کە وەك بەهایەك لە کۆمەڵگادا پیادە دەکرێ و هەمووان پابەندن پێوەی کەم تا زۆر، واتە شێوازی ڕەفتاری تاکەکان پێش گەیشتنە بازنەی سیاسەت لە بازنەیەکی گەورەتردا خۆیان دەبیننەوەو ڕەفتارێکی گشتگیرتریان هەیە لەسەر ئاستی ئاکاری و ...هتد، بەو مانایەی کە کارلێك دەکەن و بە یەکتر ئاوێتە بوون و ئەو بازنانەی کە لە سستمی ژیانی کۆمەڵگا هەن جیاکردنەوەیان لە یەکتری ئەستمە. لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ بزانین کام بەهایانە لەو دیوو پێکهاتەی کۆمەڵگاوە هەن و ئاراستەی دەکەن کە دواتر لە تەواوی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەدەنەوە لەناویشیاندا دیاردەی سیاسەت.

ئەوەی کە زانایانی بواری سیاسەت لەسەری کۆکن کە سیاسەت لەو نێوەندەدا تەواوی ئۆرگانەکانی کۆمەڵگاو یەکەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوەو دەبێتە خاڵی هاوبەش و ئەوانی دی ناتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن. تەنانەت تا ئەو ڕاددەیەی کە دەکرێ جیاوازیەکان بە شێوازێکی دروست لە دونیای سیاسەتدا کۆبکرێنەوە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**میکانیزمەکانیدا بەرجەستە بکرێن، بەتاڵبکرێنەوە، چونکە ئەوەی کە کۆمەڵگاو یەکەکانی لە میکانیزمەکانی سیاسەتی قبوڵ ئەکەن لە هیچ کام لە ئۆرگانەکانی تری قبوڵ ناکەن(7).**

**ئایین بریتیە لەو پەیامە ئیلاهیەی کە بۆ خزمەتی مرۆڤ ڕەوانە کراوە لەمیانەی پێغەمبەرانەوە تا تاکەکانی کۆمەڵگا پەیڕەوی لێبکەن و بیکەنە بەرنامەی ژیانیان و کۆملگەیەکی دروست لەسەر بەهاکانی پێکبێنن و ویستێکی گشتی لە دەسەڵاتێکدا کە ڕەنگدانەوەی خۆیان بێت ڕەنگبداتەوە. کەواتە ئایین پەیوەست نیە بە شێوازی بەڕیوەبردن یا گرفت چارەسەرکردنی وەزعیانە، بەڵکو پەیامێکە بۆ تەواوی ژیانی مرۆڤ وتەواوی یاردەکانی کۆمەڵگا لە سیاسەت و ئابوری و کلتوری و...هتد. سەرەڕای بەها ڕوحیەکانی لە خۆدەگرێت و جۆرێك لە نمونەیی "میالی" تێدایە کە ڕەفتاری مرۆڤ ئاڕاستە دەکات.**

**سیاسەت گەرچی زانستە، هەر ئاواش هونەری باش بەڕێوەبردنی کارەکانە، هەمیشە لەو پێودانگەشدا سیاسەت وابەستەی بەڕێوەبردن و دسەلات و چارەسەکردنی گرفتەکان کراوە، تا ئەو ڕاددەیەی کە ئاماژە دەدەن بەوەی هەر کاتێك مرۆڤ نەما سیاسەتیش مانای نامێنێ و هەر کاتێکیش گرفت نەما سیاسەت ئاوا بووە، بەڵام ئەو واقعە لەگەڵ تێزی سیاسەتدا یەکناگرێتەوە، چونکە تا بوون هەبێ سیاسەتیش لە تەکیدا دەمێنێ. بەڵام پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێت کە چەمکی ئایین لە سیاسەت گشتگێر ترە، دەکرێ سیاسەت بەشێك بێت لە ئایین، بەڵام پێچەوانەکەی دروست نیە، چونکە ناکرێ و ناشێ چەمکێکی گشتگێر بکرێ بەناو چەمکێکی پەرتیدا(8).**

**زۆر جار سیاسەت تەنها لە دەسەڵاتدا دەبینرێ، ئەمە کارێکی هەڵەیە، چونکە تەواوی کۆمەڵگا بە سیاسەتەوە خەریکە و هەر ئەویشە دروستی دەکات و ئاڕاستەی دەکات، هەر ئەویشە لێپرسراویەت دەبەخشێتە ئەوانەی کە لە جیاتی، دەسەڵات بەڕێودەبەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەستەمە ئایین و سیاسەت لە یەکتری جیابکرێنەوە، چونکە پەیوەستە بە ڕەنگدانەوەی هزرو بیرو بەهاکان و کلتوری تاکەکان لە ڕەفتاریاندا، کە دواتر لەگەڵ هەر چالاکیەکی سیاسیدا ئەو بەهاو ئاکارانە کارلێك دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەو مەبەستەش ئەزمونەکانی دنیای پێشکەوتوو ئەوە دەسەلێنن کە ئایین و سیاسەت جیاکردنەوەیان ئەستەمە، چونکە پەیوەستە بە خودی مرۆڤ و بەهاو ئاکارەکانیەوە. بەڵام بێ دوودڵی ئایین و دەوڵەت دوو شتی لە**

---

( 7 ) د. سردار قادر محى الدين، **نظرية تمعنة السياسة فى فهم الظاهرة السياسية دراسة تحليلية فى فرضية التحقيق والتحكم بالذات**، مجلة الجامعة السليمانية/ قسم B الدراسات الإنسانية، العدد: 40، آب 2013، ص.

( 8 ) د. عصام سليمان، **مدخل إلى علم السياسة**، المرجع السابق، ص26.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکتر جیاوازن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لە یەکتری جودان و هیچ پەیوەندیەك لە نێوانیاندا نیە، بەڵکو واقعی بەهایی کۆمەڵگا بوونی ئەو پەیوەندیە تەواوکاریە دەسەلمێنێ و پێویستە لەسەر دەوڵەت جێی ئایین بکاتەوە نەك وەلای بنێ و پەراوێزی بخات، هەر پەراوێز خستنێکیش سوکایەتیە بە کەسێتی مەعنەوی تاك و کۆمەڵگا کە لەسەر ئەو بەهایانە پێکهاتووەو بۆ ڕێکخستنیشی سستم و دامودەزگای بۆ بونیاد ناوە، ئەویش بەو بیانووەی کە دروست نیە دەوڵەت لە حاڵەتێکی دژواریدا بێ لەگەڵ حاڵەتی بەهایی کۆمەڵگا، بەلای هەموو بیرو فەلسەفەکانیشەوە دەبێ ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی بێت.

**دووەم : کۆمەڵگای سیاسی**

تەواوی ئایین و هزرەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە بونیادی کۆمەڵگا لە تاکەکانەوە دەست پێدەکات، ئەو تاکانەش دواتر ویستی گشتی پێکدەهێنن، کۆمەڵگاش لەو ساتەوە دەست بەبوون دەکات کە تاکەکان ناتوانن تەنها بۆ خۆیان و بەگۆشەگیری و تەنهایی بژین، ئەمە گەرچی پێویستیەکی مرۆڤایەتیە لە هەمان کاتیشدا لە ماهیەتی بوونی مرۆڤدایە کە ئارەزوو و مەیلی بەلای شارستانیەت و مەدەنیەت و ئاشتیدایە(9)، ئەو ئارەزووەش نەبێ کۆمەڵگا هەڵکردنی تێدا بەرجەستە نابێ.

دروستکردنی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر بونیادی ویسی گشتییە، ئەو ویستەش هۆکاری هاوبەشی خوێن نیە، زمان نیە، ئایین نیە، بەڵکو ئەوەی کۆیان دەکاتەوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوبەش بەرژەوەندییە، کە هۆکارێکی سەرەکیەو لەسەروی هەموویانەوە پشکی شێری هەیە(10)، وە دەکرێ بکرێتە پێودانگ، کە ئەوەندەی تاکەکان لە بەرژەوەندیدا یەکتر بڕو هاوبەشن هەندە ئایین و نەتەوە نابێتە بنەمای ڕەفتار، چونکە ڕەفتار لەگەڵ یەکتر گەرچی لەسەر ئەو بنەمایە نەبێ، ئەوا مرۆڤایەتی دووچاری پەرت و لێکترازان و هەرا دەکات. بەشی ئەو حاڵەتەش لە گروپەکاندا چنگ دەکەوێ، چونکە کۆمەڵگایەك لە تاك ڕەوەند پێکنەهاتووە، بەڵکو هیچ کۆمەڵگایەك نیە هەمە چەشن و ڕەوەند نەبێت.

ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر تاکەکانەوە هەمەچەشنەن، وەك ئایین، زمان، نەتەوە، جیوگرافیا، پارتی سیاسی، ئابوری، کلتور...هتد، بەڵام هەمیشە هەموویان بە دووی مەسەلەیەکی جەوهەریدا ویڵن تا

---

( 9 ) الشيخ راغب الأصفهاني، **الذريعة إلى مكارم الشريعة**، ( بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر، 1978 )، ص51.
( 10 ) د. محمد فايز عبد أسعد، **مدخل إلى علم الاجتماع دراسة نظرية في منهج المجتمع**، ( الرياض، منشورات دار الفيصل الثقافية، 1984 )، ص5.

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چنگی بخەن، ئەویش ئاسایش و خۆشگوزەرانی و دادپەروەرییە، تا ڕاددەیەکی زۆریش ئەوانە ئامانجی سەرەکی پێکهێنانی کۆمەڵگەن. ئەو ئامانجەش دابڕاو نین لە بەهاو ئاکارە هەڵگرتووەکانی کۆمەڵگە، کەلەو دیویانەوە پەیام یان پرۆگرامێك هەیە، تاکەکانی لەسەر پەروەردەو ئاڕاستە دەکا، تا لە ئاکامدا پرۆسەکە بەهایەکی هاوبەش دێنێتە ئاراوەو دواتر دەبێتە عورفێکی کۆمەڵگەیی کە تاکەکانی پابەند دەکات بەخۆیەوەو پێشێلکارانیشی بەلادەرو دەرچوو لە سستمەکەی وەسف دەکات. هەر بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەك بێ بەها نیە، ئەو بەهایانەش ناکرێ لە فشاری کۆمەڵایەتی بەتاڵ بکرێنەوە، چونکە خودی فشارە کۆمەڵایەتیەکان لەپێناو پابەندکردنی تاکەکانە بە سستمی گشتی کۆمەڵگاوە، دەنا بەدەر لەو فشارو لە قاڵبدانە پێدەچێ لە هەندێ ساتەوەختدا کۆمەڵگا دووچاری پشێوی و لێکترازان بکات.

لەسەرەتادا باسمان لەوەکرد کە ویستی گشتی و کۆمەڵگە لە تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام مانەوە لەسەر حاڵەتی تاکگەرایی لە بەرەوەندی کۆمەڵگا نیە، هەر بۆیە خودی تاکەکان هەوڵی وەرچەرخانی ئەو تاکگەراییەیان دەکەن بۆ دەستەیەك یان کۆمەڵ یان بەمانا هاوچەرخیەکە پارتێکی سیاسی، ڕێکخراو، تا کارەکانیان گونجاوترو ڕێکخراو تر بکات و کەسێتی مەعنەوی خۆیانی تێدا بەرجەستە بکەن و بەرەو ئایندەیەکی مسۆگەریان ببات. کەواتە کۆمەڵگە بریتیە لە کۆمەڵێك ڕەفتاری ڕێککەوتوو لە نێوان تاکەکانیدا کە مانای پابەندی و بەهاو لە یەکتر حاڵی بوونی تێدایە، ئەمەش بە شێوازێکی ڕاشکاوانە لێکدەدرێتەوەو لایەنەکان هەڵوێستی خۆیانی پێوە پابەند دەکەن. چونکە هەر یەکێك لەوانە لە ڕوانگەی هۆکارێکی تەواوکاری پێکهێنانی کۆمەڵگەوە دێتەوە ناوەو دەبێتە بەشێك لە سستم و ئۆرگانەکەو گرێبەستێك بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەگەرچی زۆربەشیان لەسەر یەك تێزو پابەندی بەهایەکی هاوبەشیش بن. تا لەمیانەی ئەو گرێبەستەوە دەسەڵاتێك بۆ ڕێکخستنی کارەکان بونیادبنێن، هەر بۆیە لێرەدا مەسەلەیەکی زۆر جەوهەری لەو نێوەندەدا قووت دەبێتەوەو قابیلی ئاماژە پێدانە ئەویش دروستبوونی کۆمەڵگەیەکە کە دواتر پێویستبوونی دەسەڵاتی سیاسی دەخوڵقێنێ.

تاکەکان لە میانەی بەهایەکی هاوبەشەوە کە دواتر دەبێتە نەریت، کۆمەڵگەیەك بونیات دەنێن، ئەو کۆمەڵگەیەش بەدووی گروپێکی دیاریکراودا دەڕەخشێ تا لەو ڕێگەیەوە دەسەڵات ببابەڕێوەو دواتر باس لە سستم دەکات و لە ئاکامیشدا دەستور. بەڵام ئاماژەی جەوهەری ئەوەیە کە پێش دانانی دەستور لە هەموو کۆمەڵگەکاندا نەریت هەیە تەنانەت لە هەندێ شوێن لە وانەیە نەریت شوێن دەستورێکی نوسراو بگرێتەوە، لەو نێوەندەشدا بەهاکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە سەقامگیری و زەبتێکی دروست. چونکە ئەگەر بەهاکان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگەدا هاوبەش نەبن، هەرگیز ئەو کۆمەڵگەیە کۆدەنگی و بەیەکەوە ژیان تیایدا ڕوونادات، تا لە میانەیەوە جۆرێك لە هەماهەنگی یان تەوافوق ڕووبدا، هەر ئەو هەماهەنگیەشە کە ئامانجەکان دەکاتە یەك و هاوبەش، ئەو ئامانجە هاوبەشەش لە باکگراوندێکی هاوبەهایی نەبێ دروستبوونی مەحاڵەو کۆمەڵگەش بەدەر لەوە پەیوەستداری و ئیندماج بەخۆیەوە نابینێ. ئەو ئیندماجەش مانای توانەوەی ڕەگەزەکان ناگەیەنێ لەناو بەوتەقەی کۆمەڵایەتیدا کە تەواوی تایبەتمەندیان بسڕێتەوە.

نەسەقی سیاسی لە هەناوی کۆمەڵگەوە دروست دەبێ، کە بەهاکان ڕۆڵێکی دروست و کاریگەر دەبینن لەسەرکەوتنی ئەو نەسەقەدا، چونکە نەسەقە سیاسیەکان بە دوو ڕەهەندی سەرەکی دەناسرێتەوە، ئەوانیش: چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ڕەگەزو لایەنەکان و دەبێ چۆن بێ، دووەمیش تەحەکووم کردن بەو فرەچەشنەییەی کە لە کۆمەڵگەدا ڕەنگدەداتەوە کە دووچاری دوو دیاردە دەبنەوە، ئەوانیش ململانێ و رکابەرییە، لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بەها هاوبەشەکان کاریگەری و ڕووبەریان بەرفراوانەو لە دەسەڵاتدا ڕەنگیان داوەتەوە(11)، ئەوا نەسەقە سیاسیەکەی سەقامگیر ترە لەوانی تر، چونکە هەمیشە نەسەقی دروستی سیاسی کۆمەڵگە هاوتەریبە تا ڕاددەیەکی زۆر لەگەڵ گونجانی کۆمەڵایەتیدا بەوەی کە هەردووکیان ئاماژەن بە بەرەنجامێکی بیرکردنەوەی ڕێکخراوی دروستە لە پێناو کۆمەڵگەدا.

سیاسەت لەو نێوەندەدا لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا هەیەو هەمووان کەم تا زۆر پێوەی خەریکن، تەنانەت ئەگەرچی لە سستمێکی دژوارو دیکتاتۆریشدا بێ، لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ کە سیاسەت یەکێکە لە هەرە گەورەترین و سەرەکیترین هۆکار کە بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگە تەماس و کارلێك دەکا سیاسەتە، هەر سیاسەتیشە لە توانایدا هەیە دژوارەکانی کۆمەڵگە کۆبکاتەوەو سەقامگیرتریش بێ، لەو ناوەندەشدا دەسەڵاتی سیاسی وێنەیەکی تەواوکاری نموونەیی یەکانگیری کۆمەڵایەتیەو لەسەر بونیادی ئەو واقعە کۆمەڵایەتیە دروست دەبێ.

دەسەڵاتی سیاسیش پڕۆژەیەك نیە بۆ زەمەنێکی دیاریکراو بەڵکو پڕۆژەیەکی پەرەسەندوی نیشتمانی بەردەوامە. نە تایبەتە بە ڕەگەزێك و نەتەوەو زەمەنێك، بەڵکو تایبەتە بەو کۆمەڵگەیەی کە لەسەری بونیادو ڕاوەستاوە، چونکە دەسەڵات پێویستی سروشتییەو لە مرۆڤەکاندا جودا نابێتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەمیشە دەسەڵاتی دروست لەسەر زەمینەیەکی بەهای هاوبەشی کۆمەڵگە بونیاد دەنرێ، کە

(11) د. قباري محمد إسماعيل، **الاتجاهات المعاصرة في مناهج علم الاجتماع**، مرجع سابق، ص579.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرگیز ناکرێ کۆمەڵگەو دەسەڵات لەیەکتر جیابکەینەوە، ئەو جیاکردنەوەیە دەبێتە هۆکاری دواکەوتن و ستەمکاری، چونکە ئەوەی کە بڕیارە بۆ تەواوی کۆمەڵگە بێت، دەبێتە هۆکارێکی ڕکێفکردنی کۆمەڵگە بۆ لای خۆی.

بونیادی کۆمەڵگە لە دیدگای ئیسلامیدا لە تاکەوە دەستپێدەکات و بەرەو هەڵکشان دەچێت، گەرچی لە هیچ دیدگایەکی تردا ژمارەی پێویست بۆ دروستبوونی کۆمەڵگە دیاری نەکراوە، بەڵام ئاماژە بە چەند دیاردەیەکی پێویستی ئەو کۆمەڵگەیە دراوە، وەك کۆبوونەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك، دەسەڵات، بەرژەوەندی هاوبەش، هەرێم، بەها، ...هتد.

هەر لەو دیدگا ئیسلامیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە کۆمەڵگە پێش دەسەڵاتی سیاسی دروست دەبێ، ئەمەش سروشتی تەواوی پەیامەکانی پێغەمبەرانە، کە ئەوانەی گەیشتونەتە ئاکامی سیاسی یەکەم جار کۆمەڵگەیان دروستکردووە ئینجا دەسەڵات. بەوەی کە هەر دەسەڵاتێك ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی کۆمەڵگە نەبوو، لەرزۆك و دژواری زۆر دەبێت و بەردەوام لە قەیراندا دەژی، لە پێش هەمووشیانەوە لەگەڵ خودی کۆمەڵگەکەی خۆیدا.

پێویستە هەر لەو دیدگایەدا جیاوازی بکەین لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵە یان پارتی سیاسی. هەرچی پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسیەوە هەیە، وەك ئاماژەمان پێدا لەسەر بونیادی کۆمەڵگە دروست دەبێ و ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی ئەندامانیەتی لە هەردوو ئاستی بەهایی و دەزگاییەوە، چونکە هیچ دەسەڵاتێکی دروست بەدەر لەو دووانە دروست ببوو ڕاستەقینەو گونجاو نیە، چونکە بەهاکان دیوێکی پێویست و ڕەگەزێکی گرنگن، چونکە لە ئاکامدا کەسێتی مەعنەوی خەڵکی تێدا بەرجەستە ئەبێ. ڕەهەندی دووەمیش دەزگاییە کە ئەندامان لەرزۆك لە دەسەڵاتەکانی خۆیان خۆشدەبن تا لە جیاتیان کەسانێکی شایستە کارەکانیان بەڕێوەبەرن و گرێبەستێکیش لە نێوانیاندا هەیە کە دەبێ فەرمانڕەوایان لەسەری بڕۆن، دەنا ئەو گرێبەستە کۆتایی نیەو قابیلی هەڵوەشاندنەوەو گۆڕانکارییە لە لایەنەکانیدا بەتایبەت لایەنی کێ دەبێتە فەرمانڕەوا. بەڵام دەرکەوتنی کۆمەڵەی سیاسی لە سێ کەسەوە دەستپێدەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەگەڵ کۆمەڵگەدا هاوتەریبە، چونکە ناکرێ دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵگە بە بەتاڵی جێبهێڵرێ تا ساتی دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی.

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتری لەسەر بنەمای پێویستبوون بە یەکتری و تەواوکاری و بەرژەوەندییە، نەك ئایین، خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەوا لەگەڵ خودی پەیامی ئیسلامیدا پێچەوانە دەبێتەوە کە لەلایەك ژیان تاقیکردنەوەیەو هەم زۆرلێکردنیش بە پەیامی ئیسلامی کارێکی دروست نیە. بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبدرێ کە ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی دروست دەبێ، دەبێ لەسەر دوو بنەما بێ، ئەوانیش: ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی، لەگەڵ دابینکردنی مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتمەندی خۆیانەوە، کە لە بنەمای دووەمدا مەرجێکی سەرەکی ناواخنی تێدایە، ئەویش بێلایەنبوونی دەسەڵاتە کە نابێ هیچ پاشگر یان ناسنامەیەکی دیاریکراوی پێبدرێ، بەدەر لەوەی کە ناسنامەیەکەی ڕەنگدانەوەی ویستی گشتییە.

## سێیەم: دەسەڵاتی سیاسی

مرۆڤ و دەسەڵات دوو دیاردەی پێویستی تەواوکارن وناکرێ لە یەکتریان جیابکرێتەوە، تەنانەت خودی مرۆڤ بۆ ئەو گرنگیە دروست بووە کە دەبێ لەسەر زەوی پێیهەستێ، مرۆڤیش بەدەرلەوە دووچاری ئاشوب و قەیران زۆرتر دەبێ و تەنانەت خودی ماهیەتی بوونی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە سیاسەت وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کارێکی حەتمیە کە هەر دەبێ مرۆڤ پێیهەستێ، لەناو جەوهەری سیاسەتیشدا بابەتی دەسەڵات بە کرۆکی دیاردەکە سەرنج ئەدرێ، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لەو پێودانگەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵگەیە. بەڵام لێرەدا ئاماژەیەك پێویستە بەوەی کە سیاسەت گەرچی بەدەستهێنراو نیە بۆ مرۆڤ و هەر لەگەڵ کەینونەیدا پێناسەیە بۆ ماهیەتی بوونی، هەر ئاواش دیاردەیەکی تەواوو کامڵ نیە، پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزای پەیداکردنەوە نەبێ، بەڵکو سیاسەت پەیوەستە بە ڕامان لەسەر کارەکان و بەهەمان شێوەش پابەندە بە هۆکار بوونەوە، بەوەی کە لە دوای تەواوی دیاردەکانەوە هۆکارێك هەیە کە دەبێ مرۆڤ لە سەریان بوەستێ و ڕابمێنێ.

مرۆڤ ئەودەم سیاسەت و دەسەڵات تەواو لای گرنگەو ئەرکی بۆ دەکێشێ کە خوازیاری مانەوەیە، ئەمەش لە خودی نەستی مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵام تەنها بۆ خۆبوون "الأنانیە" لای دەسەڵات دوای دروستبوونی کۆمەڵگەی سیاسی دێت و هەر ئەویشە ماهیەت و ناونیشان دەبەخشێتە دەسەڵات کە هەڵقوڵاوی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە کە ئەویش ئازادی و سەربەستی و پاراستن و گەشەپێدانیەتی. هەر وەك چۆن کۆمەڵگە دەسەڵات بەناونیشان دەکات، هەر ئاواش دروستبوون و پێکهێنانی گروپ و دەستەکانیش بە کارێکی حەتمی دادەنرێ، چونکە خودی کۆمەڵگەیەکی کامڵ و تەواوکار ئەو کاتە دەچێتە سەرپێ و بە بونیاد دەگات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و کارەکانی ڕادەپەڕێنێ کە دەسەڵاتی سیاسی دروستکردووە. بەوەی کە هیچ کۆمەڵگەیەك پەرەناسێنێ تا دەسەڵاتە سیاسیەکەی دروست نەبێ، دەسەڵاتی سیاسیش یەکێکە لە بنەماکانی مانەوەی کۆمەڵگەکان و بەرەوپێشچوونیان.

دەسەڵاتی سیاسی دروست لە کارلێکدایە بە بەردەوامی لەگەڵ گەلدا، ئەویش لە دووبۆوێ بواری سەرەکیدا ئەوانیش ڕەنگدانەوەی کۆمەلگە لە هەموو ڕوویەکەوە وەك بەها، کلتور، جیوگرافیا، نەریت و...هتد کە لە ئاکامدا بە ویستی گشتی ناسراوە. بواری دووەمیش ڕازیکردنی کۆمەلگەیە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە لە میانەی کارو بەرنامەو گوفتارەکانیەوە، چونکە دەسەڵات ڕەنگدانەوەی ویستی گشتییەو تیایدا کەسێتی مەعنەوی یاسایی گەلی تێدایە بەرجەستە دەبێ. لەو نێوەندەدا ناکرێ گەل و دەسەڵات دوو واقعی بەهایی لە یەکتر جودا بن، بەوەش شەرعیەت لە دەست دەدات، بەوەی کە گەل خاوەن و سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو هەر ئەویشە لێپرسراوێتی بۆ ماوەیەك دەبەخشێتە ئەندامەکانی تا لەجیات ئەو کارەکان ڕاپەڕێنێ، بەمەش وێنەیەکی نموونەیی دەبەخشێتە یەکانگیری کۆمەڵایەتی و چاکەی گشتی و هەر وەك چۆن سیمایەکە بۆ ویژدانی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر دەسەڵات لەو واقعە کۆمەڵایەتیە دەرچوو و بەو وەزیفەیە هەڵنەساو ڕەنگدانەوەی ئەو نەبوو، کارلێکی لەگەڵ نەکردو خزمەتی نەکرد، ئەوا بێگومان دەبێتە ململانێ لەسەر دەسەڵات کە تەواوی کۆمەڵگە دووچاری شۆك دەکات و واقعە بنەڕەتیەکەش کە دەبێ دەسەڵات هەیبێ لەباردەچێ و پێچەوانە دەبێتەوەو تەنها دەسەڵات وەك کاڵایەك بۆ سوودی هەندێ کەس سەرنج دەدرێ(12). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە دەسەڵات بە وەزیفەی کۆمەڵایەتی خۆی هەستا لە ماهیەتی دەسەڵات و سیاسەت دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو مەبەست لەمە ڕەنگدانەوەی کەسێتی مەعنەوی کۆمەڵگە بێ، چونکە خودی دەسەڵات لەسەر بنەمایەکی ئاکاری دروست نابێ بە تەنها، ئەو بنەمایانە زاڵن بەسەریدا کە باس لە باش بەڕێوەبردنی کارەکان و ڕێکخستنی بەرژەوەندی و پەیوەندیەکان دەکات لە کۆمەڵگەداو لە چوارچێوەیەکی بنەمای یاساییدا بەرجەستەدەکرێن، گەرچی قسەکردن سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی زیاتر دەبێ بە گوتاری مافەپەروەرانە بێت، بەڵام تەنها جەختکردنەوە لەسەر بنەما یاساییەکان بۆ حوکمکردن، شێوازی سەپاندن و ڕفاندنی دەسەڵات بۆ دەستەیەك دەگەیەنێ، کە ئەو دەستەیە بنەماکان بە هەماهەنگ لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆی دادەڕێژێ(13)، بەمەش

---

( [12] ) أ. تيتارنكو، **الأخلاق والسياسة**، ت؛ شوقي جلال، ط1، (القاهرة، دار الثقافة الجديدة، 1975)، ص 72.
( [13] ) عبدالفتاح حسنين العروي، **الحكم بين السياسة والأخلاق**، (القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1992)، ص 90.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەرعیەت لە دەست دەدات، چونکە شەرعیەتی یاسایی پێویستی بە دوو مەرج هەیە لەو میانەوە، ئەوانیش: دەبێ بنەما یاساییەکان کۆك بن لەگەڵ ئەو بەهایانەی کە ناسنامەی کۆمەڵگەیان پێکهێناوە، دووەمیش پێویستە ئەو بنەما یاساییانە بەشداری بکەن بە شێوازێکی دروست لە بە ئاکام گەیاندنی بەهاکانی کۆمەڵگە(14).

بەهەمان شێوەش دەسەڵات پرۆژەیەك نیە بۆ قەبەکردن و زیادکردنی هێزی کۆمەڵگە، گەرچی خودی دەسەڵاتی سیاسی تەواوی هێزەکان لای خۆی قۆرخ دەکات و شەرعیەتی بەکارهێنانیشی لە چنگدایە، ئەو هێزە بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردن و پەرەسەندنی کەسێی مەعنەوی و ژیاری کۆمەڵگەیە نەك خزمەتی دەستەیەك یان کەسێك یان بنەماڵەیەکی تایبەت. گەورەترین ئاماژە لە بوونی دەسەڵاتی سیاسیدا بریتیە لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە بەرەوباشترو پەرەسەندوتر(15). لە تەواوی ئەزمونەکانی مێژووی سیاسیشدا ئەوە پەی پێبراوە کە تا کۆمەڵگە بەرەوپێش نەچووبێ، خودی دەسەڵاتیش تاکلایەنانە نەیتوانیوە، بەڵکو جودایی نێوانیان و لێکترازانی ئەو پەیوەندییە هەمیشە بووەتە مایەی بەدەرکەوتنی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت.

لە دیدی ئیسلامیدا کۆمەڵگە بەبێ دەسەڵات نابێ، بەڵام کۆمەڵ و دەستەی سیاسی پێش دەسەڵات کەوتووەو هاوتەریبە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە مەبەستی سەرەکی ئەو دیدگایە لەوەدایە کە کۆمەڵگەی سیاسی پێش دەسەڵاتی سیاسی بونیاد دەنرێ، بەڵام تا دەسەڵاتیش دانەمەزرێ لەسەر بونیادی بەهاکانی کۆمەڵگە، کۆمەڵگە ڕەخش و بە پێناسە نابێ، بەو پێیەی کە ببێتە ڕەنگدەرەوەیەکی سستمی سیاسیەکەی، گەرچی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بونیادی کۆمەڵگەی سیاسی دروست دەبێ، بەڵام تەنها لەلایەن زۆرینەوە قۆرخ ناکرێ، بەڵکو ئەو دەسەڵاتە لەسەر بنەماکانی مەبەستەکانی شەریعەت پێکدێ و ماهیەتی بوونی مرۆڤ و مافەکانی دەبنە پێوەر بۆ ڕەفتارکردنی. دیارە ئەو دەسەڵاتەش چارەی بڕیوەتە پێوانەی زۆرینە، بەوەی کەدەبێ ڕەنگدانەوەی کەسێتی مەعنەوی زۆرینەی خەڵك بێت و مافی ئەوانی تریش پێشێل نەکات و وەك ئەوانەی کە ڕەزامەندن پێی جیایان نەکاتەوە. چونکە دەسەڵات هی هەموو کۆمەڵگەیە نەك تەنها هی زۆرینە. ڕەفتارکردنیش لەسەر بنەمای ڕێزو مافەکانی مرۆڤ و ماهیەتی دروستبوونیەتی، نەك لەسەر بنەمای ئایین، بە پێچەوانەوە، هەر

---

( 14 ) د. جان- ماك كواكو، **الشرعية والسياسة مساهمة في دراسة القانون السياسي والمسؤولية السياسية**، ت: خليل إبراهيم الطيار، (عمان، المركز العلمي للدراسات السياسية، 2001)، ص 43.
( 15 ) أندرو فنسنت، **نظريات الدولة**، ت: د. مالك أبو شهيوة & محمود خلف، ط1، (بيروت، دار الجيل، 1997)، ص 39.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەفتارکردنێك لەسەر ئەو بنەمایە بێت، یاخود ئایین ببێتە هۆکاری شڵەژانی کۆمەڵگەو پێشێلکردنی مافەکانی ئەوی تر، چونکە باوەڕدار یان لەسەر هەمان بیروڕا نین، پێچەوانەو دژوارە لەگەڵ پەیامی ئایین و خودی لوغزی دروستبوونی مرۆڤ، کە تاقیکردنەوەیەك لە پێشیاندایەو هەڵبژاردەیەکی ئارەزوومەندانەشە، لەلایەکی تریشەوە خۆ ئەگەر ڕەفتارکردن لەسەر بنەمای ئایین بوایە، هەر لەسەرەتاوە پەروەردگار ئەو مافەی پێنەدەدان تا دواتر لەگەڵ پەیامەکەیدا دژوار بکەوێ، بەڵکو تەواوی دونیا ئەگەر بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە نەبێ و مرۆڤەکان تیایدا ئازاد نەبن، ئەوا بەهای باڵە مێشولەیەکی لای پەروەردگار نیە.

دەسەڵات بۆ خەڵك و لە پێناو ئەوانیشدایە، ئەوە جڵەوی دەدرێتە دەست کە باشترینە بۆ بەڕێوبردنی کارەکان نەك خوا پەرسترینیان، کاتژمێرێك لە دادپەروەری بە ڕاددەی شەست ساڵ لە خواپەرستی باشترە، واتە باشی مرۆڤەکان ناکرێتە پێوەر بۆ لێپرسراویەت پێدانیان، یان لە هەر بوارێکی تردا لێپرسینەوەلێیان. چونکە دەسەڵات لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری کارەکانەو بۆ تەواوی کۆمەڵگە کار دەکات، شێوازی ڕەفتارکردنیشی دامەزراوەیی و لە ژێر ڕۆشنایی بنەما یاساییەکاندایە نەك بەهایانەی کە لەسەری پەروەردە بووە، ئەمە واقعێکی جیاوازە، خۆ ئەگەر بەها ببوایە پێوەری ڕەفتاری خاوەن دەسەڵات و هەڵسوڕاوانی ئەوا دژە بەهاکانیان نە لە دەسەڵات و نە لە کۆمەڵگەش جێیان دەبێتەوە.

لە ئاکامدا ئەو دۆزە وا ئاماژەمان پێدەدا، کە مرۆڤەکان بە بەهاکانی کۆمەڵگە پەروەردەو ئاڕاستە دەکرێن و لە گوفتارو کرداریشیاندا ڕەنگدەداتەوە، چونکە پێچەوانەکەی یاخیبوونە لەو بەهایانە کە پابەندی و پیرۆزییان هەیە لای کۆمەڵگەو وەك نموونەیەکی باڵای ئاکاریان لە نەریتدا بەرجەستە بووە. خۆ ئەگەر تەواوی کۆمەڵگەکان بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ تاکەکانیدا بکات، ئەدی چۆن لە کاری سیاسیاندا ڕەنگناداتەوە، بەکێك لەو هۆکارانەی پێکهاتەی بەهاکان ئایینە لە تەك ئەوانی تردا، کە واتە ئێمە ناتوانین لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا ئایین و سیاسەت لە یەکدی جیابکەینەوە.

لەلایەکی تریشەوە ناکرێ دەسەڵات و کۆمەڵگە لە یەکدی جیابکەینەوە، چونکە خودی بونیادی دەسەڵاتەکە لەسەر سستمێکی بەهایی کۆمەڵگە دروست دەبێ و کاری دەسەڵات ڕێکخستن و پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەو بەهایانە لە میانەی دامودەزگاو بنەما یاساییەکانیەوە. لەیەکترترازاندنیان دەبێتە مایەی ستەمکاری و تاکڕەوی و قۆستنەوەی لەلایەن دەستەیەکەوە بۆ خودی بەرژەوەندی خۆی[16]تر، تەنانەت ئەو دەستەیەش

( 16 ) محمد کامل لیلة، النظم السیاسیة الدولة والحکومة، ( القاهرة، مطبعة نهضة مصر، 1967 )، ص 15.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەرچـــی وابەســـتەی بەهاکانی کۆمەڵگەش نەبێ، دواتر خۆی هەوڵی وابەســـتەکردنی کۆمەڵگە دەدات بە بەهاکانی خۆیەوە.

باسـکردنی لەو سـستمە بەهاییەی کە دواتر لە کەسـێتی مەعنەوی دەوڵەتدا ڕەنگدەداتەوە کارێکی گرنگە، چـونکە هیچ دەوڵەتێك بێ دوو سـیما پێکنایە، بە پێچـەوانەوە لەرزۆك و پشـێوو دەردەچێ، ئەویش کامەیە ئەو هزرانەی کە لەو دیوو بەهاکانی کۆمەڵگەو دەسـەڵاتەوە وەسـتاوەو هەیە، خۆ باسـنەکردنی ئەو لایەنە لە دەسـەڵاتداری، پەراوێزخسـتن و پشـتگوێخسـتنی کەسـێتی مەعنەوی دەوڵەتە. سـیمای دووەم بریتیە لەو دامودەزگاکانی لەسـەروی هەموشیانەوە دەسەڵات، ئەگەر بەدەر لە ڕەنگدانەوەی بەهاکانی کۆمەڵگەو کەسێتی مەعنەوی لە دەسەڵاتدا ئاماژەی مەترسیدارە، بەوەی دەستەیەك وڵاتێك بەڕێوەدەبەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەسـەڵات لەسـەر بونیادێکی ئاکاری بونیاتبنرێ، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێك بەهای هاوبەشی بەرژەوەندیساز دەبێ کە ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی بێت و دادپەروەری لێبکەوێتەوە. کەواتە ئایین و سیاسـەت دوو ڕەهەندی ژیان و ڕەفتاری تاك و دەستەو کۆمەڵگەکانە، لە یەکتری جودا ناکرێنەوەو ئاوێتەن بە یەکتری. بەڵام ئایین و دەوڵەت دوو ڕەهەندن لە ژیانی کۆمەڵگەی سـیاسـیدا لە یەکتری جیان، لە جیاتی جیاکردنەوەو لێکترازاندنیان لە یەکتری، ئایین لە دەسـەڵاتدا جێیدەکرێتەوە، بەوەی دەشـێ کۆمەڵگەیەکی ئایین پەروەرو پابەند پێوەی لەلایەن دەسـەڵاتێکی بێلایەن و ڕەنگدەرەوەی ویسـتی گشـتی حوکمی بکات و لەسـەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ دەسـتورو دامودەزگاکانی ڕێکبخات. کە ئەمە بابەتی بەشـی دووەمی توێژینەوەکەیە.

**بەشی دووەم: ڕەهەندەکانی پەیوەندی تەواوکاریانەی نێوان ئایین و سیاسەت**

**یەکەم: پێکهاتەی نەسەقی سیاسی**

پێش دروستبوونی نەسـەقی سیاسی لە ناو کۆمەڵگادا، سستمی کۆمەڵایەتی دەبێ بەرجەستە ببێ، دەنا هیچ دەسـەڵاتێکی پتەوو کارا بە بونیاد ناگا، ئەو سـستمە کۆمەڵایەتیەش لەسـەر بریتیە لە ئاڕاسـتەکردو دانانی کۆسـپ و بەربەسـت لەبەردەم کرداری کۆمەڵایەتی خۆیدا، ئەویش لە پێناو بەرژەوەندی گشـتی کۆمەڵگە کە سستمێکی بەهایی لە پشتیەوە هەیەو پلەی پابەندبوونیشی پێش ئەوەی ببێتە بنەمای یاسایی ئاستی عورفی هەیە، چونکە لە سـەرچاوەکانی سـستمی کۆمەڵایەتی: "دابونەریتەکان، یاسا، بەهاکان، بیروباوەڕو بۆچوونە

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**عـەقڵیـەکـان"(17) کە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەدا کارلێك دەکەن و هیچ کام لە کۆمەڵگاکانیش لێی تەریك نین. بەهەمان شێوە ئەو سستمە کۆمەڵایەتیە "نەسەقێکی کۆمەڵایەتی و هەماهەنگیش دێنێتە کایەوە، بەوەی کە هەمووان یەك ئامانجی هاوبەشیان هەیە، کۆمەڵگەکانیش بەدەر لەو دوو ڕەهەندە ناتوانن بمێننەوەو پێکبێن، لەویشەوە کۆمەڵگای سیاسی دروست دەبێ، دواتریش پێویستە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی کە لەسەر ئەو بونیادە دێتە ئاراوە پاراســـتنی بە ئەرکی خۆی بزانێ"(18). وە هەر کۆمەڵگەیەکیش بەدەر لەو ســـــتمە بەهاییە ناتوانێ پێوەرەکانی کۆمەڵگای تێدا بەدی بێت وەك "توانای مانەوەو زۆربوون و وەلائو خودبژێوی"(19).**

**خۆ ئەگەر کۆمەڵگە سستمێکی بەهایی بەیەکیەوە نەبەستێتەوەو لە ڕەفتاری هەمەچەشنەیاندا ڕەنگنەداتەوە ئەوا لەرزۆك دەرئەچێ، چونکە کۆمەڵگەو نەسەقە سیاسیەکەی لە دوو دیاردە بەدەر نین، ئەوانیش رکابەری و ململانێ، هەر کۆمەڵگەیەك دیاردەی رکابەری تێدا بەرجەســـتە بوو(20)، ئەوا ڕەنگدانەوەیەکی ڕۆشـــنی ســـــتمی کۆمەڵایەتی و تەباییەکەی تێدا بەدیهاتووەو بەرەو یەك ئامانج بەرێکەوتوون بۆ هێنانەدی. بەڵام خاڵێکی جەوهەری لەو نێوەندەدا هەیە پێویستە ئاماژەی پێبدرێ، ئەویش بوونی پەیوەندییەکی تەواوکارییە لە نێوان تەبایی و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی و نەسەقی سیاسی کە هەر یەك لەوان کاریگەری بۆ سەر ئەوی تر دەبێت(21). تەنها فاکتەریش کە تەحەکووم لە فرەیی کۆمەڵگەو دژواریەکانی بکات ســـیاســـەتە، چـــونکە ســیاســەت بەدەر لەوەی کە لە ســەر هەر باکگراوندێکی تر بونیاد بنرێ ، لەســەر بەرژەوەندی بونیاد دەنرێ، هەر لایەنێکی کۆمەڵگەش لەو ڕاستیە خۆی وەلا بنێ، ئەوا لە ڕاستی کاری سیاسی تێنەگەیشتووە. ئەمە مانای ئەوە نیە کە نەسەقی سیاسی لە سستمی باوەڕ و بەهایی کۆمەڵگە بەدوور بخرێ، ئەمە کارێکی ناڕەوایە، بەڵام ڕەفتار لەگەڵ دەسەڵاتدا دەبێ وەك موڵکی گشتی سەرنج بدرێ نەك بە پێچەوانەوە.**

**بۆ دروســتکردنی ئەو دۆزە هاوبەشـە کۆمەڵایەتی و نەسـەقی سـیاسـیە پڕ بەهاییە پێویسـتی بە پێگەیاندن و ڕۆشـنبیرکردنی کۆمەڵایەتی هەیە شـان بەشانی سیاسی، بێگومان ئەویش بەمەبەستی قوڵکردنەوەی ئینتما و وەلائـە، کـە ئەمەش پانتایی لە یەکتر حاڵیبون و پەیمانی کۆمەڵایەتیەکە فراوانتر دەکەن ولەبەرامبەریشــــدا**

---

( 17 ) د. قباري محمد إسماعيل، **الاتجاهات المعاصرة فى مناهج علم الاجتماع**، مرجع سابق، ص560.

( 18 ) د. عصام سليمان، **مدخل إلى علم السياسة**، ط1، ( بيروت، الدار الجامعية للطباعة والنشر، 1986 )، ص12.

( 19 ) إليكس إنجلز، **مقدمة فى علم الاجتماع**، ت: مجموعة من الباحثين، ط5، ( القاهرة، دار المعارف، 1981 )، ص176.

( 20 ) د. قباري محمد إسماعيل، **الاتجاهات المعاصرة فى مناهج علم الاجتماع**، مرجع سابق، ص579.

( 21 ) جورج بوردو، **الدولـــــــــــــة**، ت: د. سليم حداد،ط2، ( بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1987 )، ص11و113.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پانتایی ململانێ ڕوو لە کەمبوون دەکات، هەموو دەسەڵاتێکی سیاسیش لەسەر بونیادێکی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی دروست دەبێ(22).

کەواتە جیاکردنەوەی دیاردەو ڕافتارەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا کارێکی ئاسان نیەو ئاکامی ئیجابی نادەن بەدەستەوە، چونکە هەمیشە لای تاکەکان دوو سستم ئامادەباشی هەیە ئەوانیش ئاکاریەکان لەگەڵ سیاسیەکان، کە هەموویان کارێك لەگەڵ یەکتریدا دەکەن و ناکرێت کەسێتی یەکێك بەپێی پێویست دابڕنی یان پەرتەوازەی بکەی، چونکە یەکێك لە خەسڵەتە ئیجابیەکانی کەسێتی تەواوکاریەتی لەناو خودی خۆیدا نەك پەرتەوازەیی، چونکە پێچەوانەکەی دەبێتە مایەی دواکەوتن و ململانێ لەگەڵ خوددا.

## دووەم : دەسەڵات ڕەنگدەرەوەی ویست وبەهاکانی کۆمەڵگەیە

لێکدانەوەی دەسەڵاتە دیموکراسی و دادپەروەرەکان بەم ئاماژەیە دەبێ، کە ئایا دەسەڵات چەند ڕەنگدانەوەی کۆمەڵکایەو وێنای ویژدانی کۆمەڵایەتی تێدا بەرجەستەبووە، هەر لەوانیشەوە کۆمەڵگەیەکی سیاسی دروست دەبێ کە یەك ویستی هاوبەشیان هەیە، چونکە لەسەر بونیادی ئەو دروست دەبێ،بەدەر لەو یان مەحاڵە یان ستەمکارییە، هەر ئەویشە بە پێی باوەڕو نەریتی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێ(23). چونکە خودی کۆمەڵگە دەسەڵات دروست دەکات، بەوەی کە سستمی باهاکان و کۆمەڵە سیاسیەکان پێش دروستبوونی دەسەڵات پێکدێن و ئەو دوو ڕەهەندە دواتر دەبنە بنەمای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی. وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا ناکرێ باس لە دەسەڵاتێك یان دەوڵەتێك بکرێ کە بەدەر لە کەسێتیە مەعنەویەکەی کە لە بەهاو ئایدیۆلۆجیاکەیدا بەرجەستە بووە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بووەتە حەڵەتێکی یاسایی نێودەوڵەتی، کە یاسا نێودەوڵەتیەکان ڕەفتار لەگەڵ گەلاندا ناکەن، بەڵکو لەگەڵ دەسەڵات و دەوڵەتاندا، بەو ئیعتبارەی کە ئەمانە دەبێ ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتی هەمەچەشنی خۆیان بن، گرنگترین بابەتیش کە پەیوەستە بە ویستی گشتیەوە لەو ڕوانگەیەوە مافی چارەی خۆنوسینی گەلانە کە تەنها خۆیان دەتوانن ئاڕاستەو تەعبیری لێبدەن و هیچ پەیوەندی بەوانی تری بێجگە لە خۆیان نیە و هەر لایەنێکیش بە هرە بیانوویەك بێت بۆی نیە دەست وەربداتە ئەو بابەتەوە، چونکە کارێکی ناشەرعیە.

---

( 22 ) د. عبدالمنعم شوقي وآخرون، **السياسة الاجتماعية**، ط1، ( القاهرة، مكتبة القاهرة الحديثة، 1962 )، ص12.
( 23 ) د. محمد طه بدوي، **أصول علوم السياسة**، ط4، (الأسكندرية، المكتب المصري الحديث للطباعة والنشر، 1967)، ص 41-42.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: کەسێتی مەعنەوی**

**هەموو دیاردەیەکی سیاسی لە دوو ڕەهەندی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش دامودەزگا و بەهاکانن، وە ناکرێ بەدەر لە یەکێکیان ئەوی تر باس بکرێ، هەر لەبەر ئەو مەبەستەشە کە لە شرۆڤەی هاوچەرخدا باس لەوە دەکرێ کە پێویستە کەسێتی مەعنەوی بۆ دیاردەی سیاسی هەبێ. ئەو کەسێتییە مەعنەویە لەسەر بونیادی بەهاکانی کۆمەڵگە دروست دەبێ، دەسەڵاتی سیاسیش کە بەرجەستەی ویستی گشتیە، بەهەمان شێوە دەوڵەت بریتیە لە بەرجەستەبوونی ویست و ناسنامەی گەل لە چوارچێوەیەکی یاساییدا.**

**کەسێتی مەعنەوی بریتیە "لە دەزگا، یەکە، یان دیاردە بەرجەستەبووەی کە کەسەکان بۆ مەبەستێکی تایبەت دروستی دەکەن و هەر لەلایەن ئەمانیشەوە توانای کارگێڕی و دارایی پێدەدەن و ڕەنگدەرەوەی ویستی گشتی ئەمان دەبێ، بەڵام دوای شەرعیەت پێدانی لەلایەن کەسەکانەوە، کەسە مەعنەویە دروستکراوەکە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ لەکەسە سروشتیەکان ڕەفتار دەکات"(24)، وە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی: ئەوانەی کە دروستی دەکەن بۆ مەبەستێك دروستی دەکەن کە خۆیان دەیانەوێ، بەوەی کە کەسی مەعنەوی ناتوانێ بەدەر لە ویستی تایبەتی پێکهێنەرانی ڕەفتار بکات چونکە بەوە شەرعیەت لە دەست دەدات، لەلایەکی ترەوە پێویستە پێکهێنەرانی دانیپێدا بنێن و سەنگی پێبدەن(25). ئەمە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە لە ژینگەی سستمە سیاسیەکاندا باسی لێوەدەکرێ، بەوەی کە بەهاکان پانتاییەکی گەورە لە ناسنامەدا پێکدێنن و ئەویش دەبێتە مایەی دروستبوونی کەسێتی مەعنەوی گەل. دروست نەبوونی ئەو کەسێتیەش وەك تەحەددایەك لەبەردەم پێشکەوتنی دەوڵەت ئەژماردە دەکرێ. بۆ دروستکردنی ئەو کەسێتیە مەعنەویە تەواوی هۆکارەکانی "پەیوەندی ڕەگەزی و زمان و ئایین و جیوگرافیاو ئاواتە سیاسیەکان و بەرژەوەندیە گشتیەکان"،26 بەشداری دەکەن و ناکرێ لە یەکتری بترازێنرێن، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگن پشکی شێری هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانن.**

---

( 24 ) عبدالباقي البكري و زهير البشير، **المدخل لدراسة القانون**، ( بغداد، المكتبة القانونية، 1989 )، ص299.
( 25 ) المرجع نفسه، ص 299.
( 26 ) رايموند كارفيل كيتيل، **العلوم السياسية**، ج1، ط2، ( بغداد، مكتبة النهضة، 1963 )، ص73.

**چوارەم: دەستور**

بیرۆکەی دەستور لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگاکاندا نیە، سەرەتا ئەو بەهایانەی کە حاڵەتی پابەندبوونی عورفیان هەیە کۆنترۆڵ و ئاڕاستەی کۆمەڵگا دەکەن، هەماهەنگ لەگەڵ بوونی کۆمەڵەیەکی سیاسی کە توانای ڕێکخەربینی هەیەو ئاڕاستەی کۆمەڵگا دەکات و بواری کارگێڕی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام بوونی دەستور بریتیە لە بەرجەستەکردنی دیاردەی ماف و ئازادی و پەیوەندیەکان و دیاردەی سیاسی لە دەقێکی یاسایی کە زۆربەی گەل لەسەری کۆکە، چونکە ئەو دەقانە هەڵێنجراوی بەهاکانی ئەون و تەعبیریش لە کەسایەتی مەعنەوی ئەو دەدەن، هەر بۆیە هەندێ جار وا پێناسەی دەستور دەکرێ، بەوەی کە "کۆمەڵێك پرنسیپە باس لە بنەمای گشتی چۆنیەتی دروستبوون و ڕێکخستنی کارەکانی کۆمەڵەیەك دەکات" ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەشێ هەموو دەستەیەکی مرۆڤایەتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و...هتد ببێتە خاوەنی دەستور(27)، چونکە خودی بیرۆکەکە بۆ تەعبیرە لە دامەزراندن و پێکهێنان و بەمەبەستی ڕێکخستنی کارەکانی و دیاریکردنی ماف و ئازادیەکان و ئەرکەکان و پەیوەندی تاکەکان بە خۆیانەوەو بە دامودەزگاکانی دەسەڵاتەوە.

یەکێ لە بابەتە سەرەکی و جەوهەریەکان کە لەناو دەستوردا وەك دەقێك ڕاپرسی لەسەر دەکرێ ناسنامەو کەسێتی مەعنەوی گەلەو سەرچاوەکانی بەهاکانی لە چیەوە سەرچاوەیان گرتووە، تایبەت ئایین وەك مەسەلەیەکی گرنگ لەو نێوەندەدا باس و ئاماژەی پێدەدرێ. لەلایەکی تریشەوە گەورەترین ئاماژە لە دەستور و ڕاپرسی جەماوەری کردن لەسەری نیشانەی باڵادەستی ویستی گشتی گەلە بەسەر فەرمانڕەوایاندا، هەندێ جار لەلایەن دەستەیەك وەك ئەنجومەنی دامەزرێنەر لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ بۆ دانانی دەستور یان هەندێ جاری تریش لەلایەن هەردوو لاوە دادەنرێ، بەڵام لەم حاڵەتەشدا پێویستی بە ڕای جەماوەرە تا شەرعیەتی پێبدا دەنا دەستورێکی ستەمکارانە دەبێ و ڕەنگدانەوەی واقعی بەهایی کۆمەڵگا نابێت(28).

**پێنجەم: سستمی گشتی**

ئەمە دیاردەیەکی تری کارگێڕی و بەهایی کۆمەڵگە دەگەیەنێ، کە ئاماژە بەوە دەدا چۆن ویستی گشتی بەرجەستە بکرێ، پێش سستمی گشتی چەندان دیاردەی تر هەن کە لەناو کۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەی بەهاو

(27) مجموعة من المؤلفين، **النظرية العامة في القانون الدستوري والنظام لدستوري في العراق**، ط2، ( بغداد، المكتبة القانونية، 2007 )، ص161.

(28) د. عبدالغني بسيوني عبدالله، **القانون الدستوري المباديء العامة الدستور اللبناني**، ( بيروت، الدار الجامعية، 1987 )، ص78.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ویستی کۆمەڵگەن، وەك کۆمەڵەی ڕێکخەری جۆراو جۆر، ڕێکهێنان یان خۆگرتنی کۆمەڵایەتی، عورف، ئامانجی هاوبەش، ویستی هاوبەش، دیدگایەکی ئایندەیی هاوبەش، هەماهەنگی کۆمەڵایەتی...هتد. ئەو دیاردانە پێش دروستبوونی دەسەڵات و دەستور جۆرێك لە ڕێکهێنان دەدەن بە کۆمەڵگە تا لە ئاشوبدا خۆی نەبینێتەوەو بەرەو هەڵدێر نەچێ و ئایندەی ڕوون بێ و بمێنێتەوە.**

**سستمی گشتی بەبێ ئەو دیاردانە هیچ بەهایەك پەیدا ناکاو سەوادی نابێ، چونکە سستمی گشتی دوای دروست بوونی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی دێتە ئاراوە، بەوەی مانای ڕوونەدانی ئاشوب و ترسوتۆقە، یاخود وەك لە یاسای کارگێڕیدا بەوە پێناسەی دەکەن کە بریتیە لە "کۆمەڵێك بەرژەوەندی گشتی باڵای هاوبەشی کۆمەڵگەیەك لە ساتێکی دیاریکراودا کە هەمووان لەسەری کۆکدەبن و بە پێویستی سەلامەت ڕاگرتنی دەکەن و لە سێ ڕەگەز پێکدێ، ئەوانیش: ئاسایشی گشتی، سەکینەی گشتی، تەندروستی گشتی"(29).**

**پاراستنی ئاسایشی گشتی بە یەکێك لە وەزیفە سەرەکیەکانی دەسەڵات دادەنرێ و لێپرسراوێتی هەیە لەبەرامبەریدا، ناکرێ یەکەیەکی تر ئەو وەزیفەیە بگرێتە ئەستۆ، هەر چەندە دەشێ هەندێ یەکە کۆمەکیکار بن بۆ دەسەڵات، بەڵام هەمیشە ئەو حاڵەتی ئاسایشە لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە، "ئەوانیش: لێکتێگەیشتن، بوونی دەسەڵاتێك کە ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی بێت، دیاریکردن و دابینکردنی مافەکان، خۆشگوزەرانی و پەرەسەندن"(30). ئەمانە هاوتەریبن لە گەڵ جێگیرەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە لە "ماف و ئازادیە گشتیەکان، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دەستور، بە ئازادی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان، مەشروعیەتی دەسەڵاتی، بوونی کۆمەڵەی سیاسی جۆراوجۆر"(31). ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ بەدەردەخا کە ئایا ئەو پاراستنی ئاسایشی گشتیە بۆ خودی دەسەڵاتە یان یان بۆ پاراستنی سستمی گشتی وسیاسەتی وڵاتە کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقعە کۆمەڵایەتیەیە ك دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بونیاد نراوە، ئەو لێپرسراوێتیە ئاسایشیە تەنها ناکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات بەڵکو هەاهەنگییە لە نێوان تاك و کۆمەڵگاو دەسەڵات، بەوەی دەبێ لە پێناو کۆمەڵگادا بێت.**

---

( 29 ) د. ماهر صالح علاوي الجبوري، **مباديء القانون الإداري دراسة مقارنة**، ( الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر، 1996 )، ص76.
( 30 ) هارولد ج لاسكي، **الحـريات في الـدولة الحـديثة**، سلسلة اخترنا لك (45)، (القاهرة، شركة الإعلانات الشرقية، 1965)، ص160.
( 31 ) د. محمد حسن العيدروس، **دراسـات في المشرق العـربي المعاصـر**، ط1، (الكويت، دار الكتاب الحديث، 2000)، ص501.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دیاردەیە لەناو دیدگا ئاینیەکەدا بە بونیادێکی پێویست دادەنرێ، بەڵام لە پێناو کۆمەڵگەیە نەك دەسەڵاتی سیاسی، هەر بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئەوە پەروەردە دەکرێن کە بەسوود بن بۆ کۆمەڵگاو لەسەروی بەرژەوەندی خۆیانەوە بەرچاوی بگرن. چونکە هاوتەریبی بەهاکان و هاوبەشیان دەبێتە هۆکارێکی زیاتر بۆ سەقامگیری کۆمەڵگا، لە کۆمەڵگایانەشدا کە بەهاکانیان هاوبەش نین زیاتر پشێوی و دووبەرەکی هەیە.هەر بۆیە ئاسایشی دەرونی پێش ئاسایشەکانی تر دەکەوێ چونکە لە تەواوی دیاردەکانی تری ژیان و ڕەفتارەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

گەرچی ئاسایش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەمکێکی گشتگیرەو دەچێتە تەواوی گۆڕەپانەکانەوە، بەڵام تەندروستی گشتی یەکێکی ترە لە ڕەگەزەکانی سستمی گشتی کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت و جەستەی کۆمەڵگا لە هەموو دژواریەکان بپارێزێ و خزمەتە گشتیەکان لەو نیوەندەدا پێشکەش بکات و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر(32). سەکینەی گشتیش تەواوی ئەو ڕێوشوێنانە دەگرێتەوە کە ئارامی و هێوری کۆمەڵگا دەپارێزێ، هەر بۆیە لە هەندێ وڵات تەنانەت یاسای نەهێشتنی ژاوەژاو بەرجەستەبووە، تا لە ئاکامدا هێوری و سەکینەی کۆمەڵگا بێتە دێ، ئەمیش لە پێناو پاراستنی ئەو بەهایانەیە کە کۆمەڵگا لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی خۆیدا بەرجەستەی کردوون و ئەرکی کارگێڕی گشتیە لە دەسەڵاتی سیاسی تەواوی ڕێوشوێنە پێویستەکان بگرێتە ئەستۆ بە مەبەستی پاراستنی ئاکاری گشتی و ڕوونەدانی هەر دەرچوونێك کە دژوارو پێچەوانە بێت لەگەڵ سستمی گشتی(33).

### شەشەم: ماف و ئازادیە گشتیەکان

پاڵنەری دروستبوونی دەسەڵات و دواتریش دەوڵەت، تەنها لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی و سەربەستیدا نیە بەو مانا پەرتیەی کە هەندێ جار باسی لێوەدەکرێ، بەڵکو دەسەڵات مەرجی بەرپابوونی سستمی کۆمەڵایەتییە، بەبێ دەسەڵاتیش بەرپاکردنی ئازادیەکان مەحاڵە و بەبێ سستمیش بەهەمان شێوە ڕێکخستنی ئازادیەکان دووچاری ئاستەنگ دەبێ، چونکە ڕێکخستن و سستم و دەسەڵات دوو دیاردەی لە یەکتر نەترازاون(34). ئەمە مانای ئەوە نیە کە دەسەڵات پێدەری مافەکانی تاکەکانە، بەڵکو خودی سستمی کۆمەڵایەتییە کە دەبێتە سەرچاوەی ئەو مافانەو لە پشتیشیانەوە سستمێکی بەهایی کۆمەڵگە ئەو شەرعیەتە دەسەنگێنێ،

---

(32) د. ماهر صالح علاوي الجبوري، **مبادىء القانون الإداري دراسة مقارنة**، مرجع سابق، ص77.
(33) المرجع نفسه، ص78.
(34) د. محمد نصر مهنا، **علم السياسة**، (القاهرة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، 1997)، ص279.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئازادیەکانیش سێ ڕەهەندییان هەیەو ناکرێ تەنها لەیەك ڕووەوە سەرنج بدرێن، ئەوانیش مێژوویی بوونیان و بەرجەستەکردنیان لە دەقێکی یاساییداو کۆمەڵایەتی بوونی مافەکان بەوەی کە لە واقعێکی کۆمەڵایەتیەوە هەڵقوڵاون و هەر ئەوەشە کە تەبایی کۆمەڵایەتی بەرقەرار دەکات و بە تەواوی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگاشەوە پەیوەستدارەو دەبێ و لە میانەیانەوە سستمێك بۆ ڕەفتارو ژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەش دێتە ئاراوە(35). ئەوەی کە دەشکەوێتە سەر دەسەڵاتی سیاسی تەنها ئەوەندەیە کە دەبێ دان بە مافەکاندا بنێ و بە یاسا ڕێکیانبخاو زەمینەیەکی گونجاویش بڕەخسێنێ تا تاکەکانی کۆمەڵگە چێژ لەو مافانە وەربگرن کە سستمە کۆمەڵایەتیەکەیان بۆی خوڵقاندون و لە پشتیانەوە سستمێکی بەهایی بێجگە لە سستمی سیاسی هەیە.

تەواوی دەسەڵاتە سیاسیەکان دەبێ لەسەر بنەمای ماف و ئازادیەکان ڕەفتار لەگەڵ کۆمەڵگەدا بکەن و پەیوندیان لەگەڵیدا ڕێکبخەن، بە پێچەوانەوە دادپەروەری هیچ مانایەکی نامێنێ و بوارو توانای پیادەکردنیشی لە زەمینی واقعدا ئەستەمە، ماف و ئازادیەکانیش لایەنێکی سەرەکی تیایدا پاراستن و پەرەسەندنی تایبەتمەندی تاك و دەستەکانە. لەلایەکی تریشەوە ڕاستیەکی جەوهەری هەیە لە خودی بوونی مرۆڤدا کە هەر لەسەرەتاوە پەروەردگارەکەی پێی بەخشیوە، ئەویش ئازادیە، مرۆڤ گەر ئازاد نەبێ هیچ مانایەك بۆ کەینونەو بوونی نامێنێتەوەو پێچەوانەی خودی یاساکانی ئەو پەروەردگارەیە کە خوڵقاندوویەتی، لەلایەکی تریشەوە گەر وا نەبێ هیچ مانایەك بۆ ژیان نامێنێ کە بابەتی سەرەکی تیایدا تاقیکردنەوەیەو مرۆڤەکان تیایدا ئازادن بە دەم ئەرکەکەیانەوە دەچن، یان هەر لە بنەڕەتدا دان بەو تاقیکردنەوەیەو پەروەردگارو ئاینەکەشیدا دەنێن.

بەهەکان لە کۆمەڵگەدا بونیاتدەنرێن و پەرەدەسەندرێن لەلایەن کۆمەڵگەوە، تا ئەو ساتەی کە دەبنە نەریتێکی پابەندخواست و لە مەودایەکی زەمەنی زۆردا دەبنە مایەی پابەند لەلایەن تاکەکانەوە، بەو ڕاددەیەی کە پێش پابەندبوون جۆرێك لە شوێنکەوتەیی و قەناعەت لای تاکەکان دروست دەبێت و لادان لێیان بە لادەر لە سستمی بەهایی کۆمەڵگا دادەنرێ، هەر بۆیە دوای ئەو قۆناغە نەریت بە سەرچاوەیەکی بنەما یاساییەکان لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا دادەنرێ، هیچ دەستورێکی دنیاش بەتاڵ نیە لە دیاریکردن و ڕەنگدانەوەی بەهاو ناسنامەی کۆمەڵگە تیایدا، بەڵکو پێش ئەوەی باس لە دەسەڵات و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی بکرێت، باس لە سستمی بەهاکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دەکرێ، کە

( 35 ) د. صادق الأسود، **علم الإجتماع السياسي أسسه وأبعاده،** ( بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر، 1991 )، ص 125.

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بنەمای بەرەوچوونی هەموو دادپەروەریەکە، ئەمەش بریتیە لە ڕەنگدانەوەو دانپێدانانی دەسەڵات و کۆمەڵگە بەو ماف و ئازادیانە وەك پێوەرێك بۆ ڕەفتاری هاوبەش لەگەڵ یەکتریداو دواتر پێویستە دوو لەسەر سێی گەل لە ڕاپرسییەکی ئازادانەدا دان بەو سستمە کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابوری و سیاسی و ناسنامەو...هتد بنێ کە کارەکانی بەڕێوەدەبات و ڕێکیاندەخاو بڕیاری کۆتاییش هەر بۆ ئەم دەگەڕێتەوە، تایبەت لە هەڵبژاردندا. دیارە لە شەریعەتیشدا پێدانی مافە مەدەنیەکان لەسەر بنەمای ئایین نیە، هەندەی لەسەر بنەمای مرۆڤ بوونیانە، هەر وەك باوەڕدارێك ئازادە لە گوفتارو کرداریدا هەر ئاواش بێ باوەڕێك ئازادە، هەر دوولاشیان پێویستە پابەند بن بەو ڕێساو سستمە گشتیەی کە بەڕەزامەندی هەر دوو لایان بڕیاری لەسەر دەدرێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لایەنێکی گرنگ و بنەڕەتی پەروەردە ئایینیە ئیسلامیەکە بۆ پاراستنی مافی ئەوانی ترو ناسینی مافەکانی خۆیەتی و خەبات کردنە لە پێناویاندا.**

## حەوتەم: ڕێکهێنانی ( دیسپلین ) کارگێڕی

**پێش ئەوەی کە نەریتەکان ببن بە بنەمایەکی یاسایی و کارگێڕی لە پێناو پاراستن و بەردەوامبوونی کۆمەڵگە، دەبنە بنەمایەکی ڕێکخستن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتارەکانی ئەندامەکانی، ئەمەش وەك بنەمایەکی یاسایی نەنوسراو وایە، کە لایەن و تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێناو تەبایی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی ڕەفتارەکانیان دەیگرنەبەر، کە دواتر لە ویست و بەرژەوەندی گشتیاندا بەرجەستە دەبێ(36)، کەواتە ڕێکهێنانی کۆمەڵایەتی پێش کارگێڕیەکان دەکەون بەوەی بریتین لەو "هێزەی کە ئەندامانی کۆمەڵگە پابەند دەکات بەو سستمەی خۆیەوە کە بونیادیان ناوە، ئەویش لە میانەی چەندان هۆکارەوە ( زۆرەملێیی، قەناعەتپێکەر ) کە بە پێی جۆرو زەمانی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێن...پابەندیان دەکات، وەك لە میانەی نەریت، خوو، شوێنپێهەڵگرتن، ڕای گشتی، پەروەردە، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئایین، هونەر...هتد"(37) بێگومان لەو نێوەندەشدا بەهاکان گەورەترین کاریگەریان هەیە لەسەر ئاستی ئاکاری و ڕوحی و دەروونی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو ڕێکهێنانە کۆمەڵایەتیە.**

---

( 36 ) جيرالد بريز، **مجتمع المدينة في البلاد النامية**، ت: د. محمد محمود الجوهري، ( القاهرة، دار نهضة مصر للطبع والنشر، 1972 )، ص175.

( 37 ) نويل تيمز، **علم الإجتماع ودراسة المشكلات الاجتماعية**، ت: د. غريب محمد سيد أحمد، ( الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية، 1981 )، ص199_220.

وانظر أيضاً: عبد المنعم هاشم & عدلي سليمان، **الجماعات بين التنشئة والتنمية**، ( القاهرة، مكتبة القاهرة الحديثة، 1973 )، ص46_49. وأيضاً: د. محمد محمد الزلباني، **مدخل للنظم الاجتماعية**، ج1، ( القاهرة، المطبعة العالمية، 1972 )، ص532.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هەر ئەو ڕێکهێنانە کۆمەڵایەتیەیە کە دواتر لە پێکهێنانی سستمی کۆمەڵایەتی دەبێتە بڕبڕەی پشتی، چونکە لە بنەما ستراتیژیەکانی ڕێکهێنانی کۆمەڵایەتی کە دواتر لە سستمە کۆمەڵایەتیەکەدا ڕەنگدەداتەوە، وەك: "بارودۆخی ئابوری و پەرەسەندنی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هۆکاری گونجاوو لەبەردەستبوو بۆ پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، دانانی چەندان بنەمای گونجاو بۆ هاوسەنگی لە نێوان ئامانج و تواناکاندا، چاودێری، گەشەپێدانی کرداری ئیجابی کۆمەڵایەتی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەو دابینکردنی تەباییەکەی، گرنگیدان بە دامودەزگاکانی ڕێکهێنانی کۆمەڵایەتی، دیاریکردن و ڕێکخستنی ئاستەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی..هتد"(38). بەڵام هیچ جۆرێك لەو ڕێکهێنانە کۆمەڵایەتیە کە بەهاکانی لە پشتە نایەتەدی تا تەبایی و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی نەیەتە دی ئەویش بە هەمان شێوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ باکگراووندی ئەو دوانە کە تا چەند هەماهەنگی بەهایی هاوبەش لە نێو کۆمەڵگەدا هەبێ، ئەوەندە زیاتر تەبایی و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی دابین دەبێ، وە بە پێچەوانەوە.**

**دواتر ئەو ڕێکهێنانەی کە لەسەر واقعی بەهایی کۆمەڵایەتی بونیاد نراوە، دەگوازرێتەوە بۆ ڕێکهێنانە کارگێڕیەکان لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی. ڕێکهێنانە کارگێڕیەکانیش بریتین لە "کۆمەڵێك ڕێوشوێن و بڕیار کە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕیەوە دەگیرێنەبەر بە مەبەستی پارێزگاریکردن و پاراستنی سستمی گشتی"(39)، کە ئەمەش بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەوڵەتی هاوچەرخ ئەژمارده دەکرێ. ئەم ڕێکهێنە کارگێڕیانە شوێن یاساییەکان ناگرنەوە، چونکە سروشتیان جودایە، بەوەی کە یاساییەکان دوای ڕوودانی تاوان یان کەتنێك ڕێوشوێنی چارەسەرکردن دەگرنەبەر لە میانەی دادگایکردنەوە، بەڵام کارگێڕیەکان چەند ڕێوشوێنێکی خۆپارێزی پێشوەختن بەمەبەستی پاراستنی سستمی گشتی. کە دوو شێوازی هەیە گشتی و تایبەتیەکان و لە میانەی چەند ڕێگەچارەیەکەوە بە ئەنجام دەگەن، وەك: بڕیارەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی، فەرمان و بڕیارە کارگێڕی و تاکە کەسیەکان، بەکارهێنانی هێزی ماددی(40). دیارە جێبەجێکردنی ئەو ڕێکهێنانە کارگێڕیانەش تەنها دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ئەو مافەی هەیە، کە گەل متمانەی پێداوەو ڕەنگدانەوەی ناسنامەی خۆی و ویستی گشتیەتییەتی.**

---

( 38 ) د. محمد صفوح الأخرس، **نموذج الإستراتيجية الضبط الاجتماعی فی الدول العربية**، ط1، ( الرياض، أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية، 1997 )، ص27.
( 39 ) د. ماهر صالح علاوي الجبوري، **مباديء القانون الإداري دراسة مقارنة**، مرجع سابق، ص75.
( 40 ) المرجع نفسه، ص76- 81.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هەشتەم: داد پەروەری**

پێدەچێ سادەترین پێناسەی دادپەروەری ئەو هەستە بێت بە یەکسانی لە واقیعدا نەك خەیاڵ، ئەو یەکسانیەش وەستاوە لەسەر بە هەند وەرگرتنی دۆز و بەشە جۆراوجۆرەکانی لە هەر حاڵەت و کەسێکدا بۆ گەڕاندنەوە یان پێدانی ماف. بەڵام ئەو دادپەروەرییە لەسەر چەند بنەمایەك وەستاوە، کە مەبەست لێیان "کۆمەڵێك بنەمان لە وێنەو شێوەیەکی بالاوە دەردەچن، ئامانجیان چاکەیە بۆ مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە، کە دەرونەکانیان پڕ دەکات لە هەستکردن بە ویژدان و ئەو ڕێگەچارە گونجاوانەی کە دەکرێن"(41). لە تایبەتمەندیەکانی بنەماکانی دادپەروەریش: گشتی بوون و کۆمەڵایەتیانە، بە شێوەو وێنەیەکی باڵاوە دەردەچن کە ئامانجیان چاکەی مرۆڤەکان و باشی کۆمەڵگەیە، نەگۆڕنین و بە پێی شوێن و سات گۆڕانکاریان بەسەردا دێت چونکە کاردانەوەو ڕووداوو بەها کۆمەڵایەتیەکانی لە پشتەوەیە، نامانگەێننە چارەسەری بنەبڕ ئەوەندەی کە دەرونی تاکەکان پڕ دەکا لە هەستکردن بە ئاسوودەیی، لەلایەکی تریشەوە چونکە ڕەنگدانەوەی ڕووداوو دۆزی کۆمەڵایەتیە بنەمانی جۆرێك لە ناڕۆشنی و پەرتەوازەییان تێدایە. ئەمانە پێگەیان دەکەوێتە نێوان بنەما یاساییەکان و ئاکارییەکان، بەڵام لە بنەما یاساییەکان پابەندبوونیان لاوازترە، هەر چەندە لە بنەما ئاکارییەکان پابەندبوونییان بەهێزترە، بوونیشیان پەیوەندی بە هەست و ویست و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەوە هەیە کە خۆی ئارەزوومەندی مانەوەیان دەکا لە پاڵ بنەماکانی تری یاسایی و ئاکاریی دا(42).

تەواوی ئەو ڕێوشوێنانەی کە باسکران کە دەگیرێنەبەر بۆ پاراستن و پارێزگاری کۆمەڵگا لە پێناو بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی لە ئاسایش و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری لە ئاکامدا دەبنە مایەی بەختەوەری کۆمەڵگەو پەرەسەندنی. هیچ کۆمەڵگەیەکیش ناتوانێ ئەو بنەمایانەی دادپەروەری پشتگوێ بخات، بەڵکو تەواویان تاکەکانی خۆیان لەسەر دادپەروەری پەروەردە دەکەن، تا ڕێژەی ستەم و تاوان کەمببێتەوە، باشترین هۆکاریش لەو نێوەندەدا پەروەردەو پێگەیاندنیانە، چونکە تەنها بڕیارو ڕێوشوێنە یاسایی و کارگێڕیەکان ناتوانن کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە بکەن، ئەمەش واقعێکە کە تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهان نەیانتوانوە پشتگوێی بخەن و بە هەند وەرینەگرن.

---

(41) عبدالباقي البكري و زهير البشير، **المدخل لدراسة القانون**، مرجع سابق، ص68.
(42) المرجع نفسه، ص69- 70.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەڕەت لە فەرمانڕەواییدا دادپەروەرییە، ئەمەش دەبێ لە دەسەڵاتی سیاسیدا ڕەنگبداتەوە، ئەو دادپەروەرییەش دەبێ ڕەنگدانەوەی سستمی بەهاو ویستی هاوبەش و گشتی کۆمەڵگە بێت و لەگەڵ ناسنامەی هاوبەشیاندا یەکبگرێتەوە. تاکەکان بەدەر لە بنەما یاسایی و دامودەزگاییەکان سیمای دادپەروەری نین، بەوەی خوا پەرستبوون و باشییان لە ڕەفتاریاندا نابنە مایەی دابینبوونی دادپەروەری، دادپەروەری لە واقعدا برەو پەیدا دەکات و پێناسە دەبێ.

لە دیدگای ئیسلامیدا دادپەروەری ویستێکی گشتییەو ئامانجێکی هاوبەشە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە ماهیەتی سستمی ئیسلامی لە واقیعدا بەرجەستە دەبێ، ڕەنگدانەوە نیە بۆ واقعی نەتەوەیی یان گرفتێکی کۆمەڵایەتی یان ...هتد بەڵکو بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەریی و کەمکردنەوەی ڕاددەی ستەمە لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر دەوڵەتێکیش ستەمکار بێت گەرچی باوەڕداریش بێت دەڕوات، بەڵام گەرچی بێباوەڕیش بێت بەڵام دادپەروەر بێت دەمێنێتەوە.

هەر لەسەر ئەو دیدگایەشە کە تاکەکانی هەر لەسەرەتاوە پێدەگەیەنێ و پەروەردەیان دەکات تا لا نەکەنەوە بەلای تاوان و ستەمکارانداو کۆمەکیان نەکەن و دژیان بجەنگن و پانتاییەکی بەرچاوو زۆری قورئانی پیرۆزیش باس لەو مەسەلەیە دەکات و گوزەشتی ستەمکارترین مرۆڤ بۆمان دەنەخشێنێ و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەیی و نەمانی و ڕووخاندنی و بەرپاکردنی سستمێکی دادپەروەرانە لە دوای ئەوان[43]. ئەو بەهایانەش دواتر کۆمەڵگەیەکی ئاسودە بونیاد دەنێن کە پێش بەرقەراربوونی دەسەڵاتی سیاسی، تاکەکانی لەسەر ئەو بەهایانەی دادپەروەری پێگەێنراون و ئاراستەکراون و بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بەهایانەی دادپەروەریش ترس لە ستەمکارترین مرۆڤ بە گوناه دەزانرێ و تاوانێکی گەورەیەو لە ڕۆژیی دواییدا قورسترین لێپرسینەوەی هەیە، ئەمەش بە ئەرکێکی باوەڕداران دادەنرێ و هەر بۆ ئەو مەبەستەشە کە دەبێ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە بەرجەستە بکەن، ئەرکێکە جێی پشتگوێخستن و دواخستنی نیە.

( 43 ) د. وهبة الزحيلي، حق الحرية فى العالم، ط1، ( دمشق، دار الفكر، 2000 )، ص170- 178.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## کۆتایی

### یەکەم: ئایین و سیاسەت لە پڕۆسەیەکی کارلێك و ڕەنگدانەوەی بەرابەریدان

بەهاکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بونیادنانی کەسێتی مەعنەوی تاکەکاندا هەیە، ئەو بەهایانەش تەنها بەهاکانی ئایین ناگرنەوە، گەرچی دوور نیە ئەوانە پشکی سەرەکییان هەبێ تیایدا، بەڵکو کەسێتی بونیادێکی تەواوکارە لە بەهاو جەستە و ژینگە بە هەموو ماناو پێناسەکانیانەوە، هەر کۆمەڵگەیەك ئەو سستمی بەهایەی تێدا نەبێ واتە لایەنەکانی کۆمەڵگە لەسەر هیچ جێگیرێك بۆ پێکەوە ژیان یەکنەکەوتوون، بێ بوونی جێگیر واتە باس لە گەلێك دەکرێت کە یا پێناسە نەکراوە یان لە دەرەوەی مێژوو و فەزای مرۆڤایەتی باسی لێوەدەکرێ. ئەمە مانای ئەوە نیە کە تاکە پەیوەست لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەهاکانن، ئەمان خۆیان بەهاکان دروست دەکەن و هەر خۆشیان سستمی پابەندبوون بۆ خۆیان دادەنێن، کۆمەڵگەش بەدەر لەهەر فاکتەرێکی تر لە بونیاد نانی پشکی شێر بە هۆکاری بەرژەوەندی دەکەوێ.

کاتێك تاکەکان بە بەهاکان پەروەردەو ئاراستە دەبن، هەر ئاواش لە ڕەفتاریاندا ڕەنگدەدەنەوە لە تەواوی بوارەکانی ژیانیاندا، بە سیاسەتیشەوە، ئەوە دوو دیاردەن کە جیاکردنەوەیان ئاسان نیەو لە بەرژەوەندی خودی مرۆڤدا نیە، چونکە سیاسەتکردن وەیفەی مرۆڤەکانە، بەڵام مرۆڤەکانیش بێ بەها نابن. ئیتر لەو نێوەندەدا دیاردەکان کارلێك و لە یەکتریدا ڕەنگدەدەنەوە، لەوانەش ئایین و سیاسەت. بەڵام ناکرێ بەو سستمە بەهاییەوە باس لە ڕەفتاری حوکمداری بکرێت، بەڵکو کەسێتی مەعنەوی تاکەکان کەسێتی مەعنەوی کۆمەڵگەو ویستی گشتی دروست دەکەن، هەر بۆیە دەبێ بە گوفتاری مافپەروەری و یاسایی باس لە دەسەڵات بکرێ، دەسەڵاتیش دەبێ ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی بێت و بێلایەن و بێ پاشگر بێت، دەنا قەیران لە خودی ناسنامەیدا دروست دەبێ.

### دووەم: دەرئەنجام

1. ڕەفتاری مرۆڤ بە زیاتر لە هۆکارێك ئاراستەو پەروەردە کەکرێت، هیچ جۆرە ڕەفتارێکیش بە سستمی بەها نیە، یەکەیەکە پەرتەوازە ناکرێ و تەواوکارە، بەهاکانیش لە ڕەفتارەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، ئەگەر نا ڕەفتارێکی دروست نابێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. ئایین و سیاسەت بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا لە پرۆسەیەکی کارلێك و ڕەنگدانەوەدان لەسەر ئاستی ڕەفتاری سیاسی، بەڵام دۆزەکە بۆ فەرمانڕەوایان کارێکی دروست نیە، چونکە دوو واقعی لەیەکتر جودان.
3. سستمی بەهاکانی کۆمەڵگە، لە ناو بونیادی سستمی سیاسیدا جێیان دەگرێتەوە، تا پرۆسەی ڕەنگدانەوەی ویستی گشتی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەرجەستە ببێ، وەك سستمی گشتی و ڕێکهێنانە کارگێڕی و دەستورو نەسەقی سیاسی و دادپەروەری و ماف و ئازادیە گشتیەکان و کەسێتی مەعنەوی و ...هتد.
4. فەرمانڕەواییکردن بە ڕەهەندو سیمای ماف و ئازادی و ئەرکەکانەوە دەکرێ، نەك بە سستمی بەهاکانەوە.
5. جیاکردنەوەی دەسەڵات و کۆمەڵگە دەبێتە مایەی ستەمکاری و زۆرداری دەسەڵاتی سیاسی بەسەر کۆمەڵگەوە، ئەوەش لە ڕەنگنەدانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کەسێتی مەعنەوی کۆمەڵگەو سستمی بەهاکانی دەستپێدەکات و دەبێتە مایەی بێئاکام بوونی پرسی سیاسەت و دواکەوتن و خولانەوە لە نێو بازنەیەکی داخراودا.

## سێیەم: پێشنیار

1. لە جیات ئەوەی ئایین لەلایەن یەکە سیاسیەکانەوە بقۆزرێتەوە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە پرۆسەیەکی نیشتمانی کە ڕەنگدانەوەی کەسێتی مەعنەوی کۆمەڵگەو گەل بێت بەکاریببەرێ.
2. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بێلایەن بێ و پرسی ئایین بەڕێوەبەرێ و چەندان ڕێگەچارەو هۆکاری دروستی بۆ تەرخان بکات و لەلایەن زانایان و شارەزایانی ئەو بوارەوە سەرپەرشتی بکرێ، تا زیاتر سستمی بەهایی ئایین بەدوور لە سیاسەت لە کۆمەڵگەدا سەقامگیر ببێ و نەبێتە هۆکاری ململانێی سیاسی.
3. پێویستە دەسەڵات بێلایەن بێت و هەمیشە گەل خاوەنی مەرجەعیەت بێت، وە نابێ دەسەڵاتی سیاسی خاوەنی سستمێکی بەهایی دژوار بێت لەبەرامبەر سستمی بەهایی کۆمەڵگە، چونکە ئەو حاڵەتە کۆمەڵگەیەکی پڕ ئاشووب و دەسەڵاتێکی سیاسی ستەمکار دێنێتە کایەوە.
4. پێویستە کەسێتی مەعنەوی گەل بە سستمی بەهاکان پشتئەستور بکرێت و گرنگیەکی تایبەتی پێبدرێ و چالاك بکرێن، چونکە هەر ئەو سستمی بەهایانەیە کە شارستانی و ژیاری گەلانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێشکەوتووی هێنایە ئاراوە، ئەمەش ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیە کە دەبێ سەرپەرشتی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان بکات، نەك خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەو سستمی بەهاکانیدا بجەنگێ و ململانێ بکات، بەڵکو بەرچاوگرتنی تایبەتمەندی سستمی بەهای گەلان کارێکی پێویستەو ئەرکێکی مرۆڤایەتیشە.**

5. **ئەوەی کە سەقامگیری دەداتە کۆمەڵگەو تەبایی دەسازێنێ، ماف و ئازادی و دادپەروەرییە، کە دەبنە مایەی تەبایی کۆمەڵگەو ڕاددەی ململانێ کەمدەکەنەوەو سەقامگیریش لەسەر ئاستی ڕەفتارو سستمی بەهاکان بەرقەرار دەکات.**

## لیستی سەرچاوەکان

### أولاً: الكتب

أ. تيتارنكو، **الأخلاق والسياسة**، ت؛ شوقي جلال، ط1، (القاهرة، دار الثقافة الجديدة، 1975).

1. إليكس إنجلز، **مقدمة في علم الاجتماع**، ت: مجموعة من الباحثين، ط5، ( القاهرة، دار المعارف، 1981 ).
2. أندرو فنسنت، **نظريات الدولة**، ت: د. مالك أبو شهيوة & محمود خلف، ط1، (بيروت، دار الجيل، 1997).
3. جورج بوردو، **الدولة**، ت: د. سليم حداد،ط2، ( بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1987 ).
4. جيرالد بريز، **مجتمع المدينة في البلاد النامية**، ت: د. محمد محمود الجوهري، ( القاهرة، دار نهضة مصر للطبع والنشر، 1972 ).
5. د. جان- ماك كواكو، **الشرعية والسياسة مساهمة في دراسة القانون السياسي والمسؤولية السياسية**، ت: خليل إبراهيم الطيار، (عمان، المركز العلمي للدراسات السياسية، 2001).
6. د. حسن نافعة، **مباديء علم السياسية**، (القاهرة، مكتبة الشروق الدولية، 2002).
7. د. صادق الأسود، **علم الإجتماع السياسي أسسه وأبعاده**، ( بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر، 1991 ).
8. د. عبدالغني بسيوني عبدالله، **القانون الدستوري المباديء العامة الدستور اللبناني**، ( بيروت، الدار الجامعية، 1987 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. د. عبدالمنعم شـوقي وآخرون، **السـياسـة الاجتماعية**، ط1، ( القاهرة، مكتبة القاهرة الحديثة، 1962 ).
10. د. عصـام سـليمان، **مدخل إلى علم السياسـة**، ط1، (بيروت، الدار الجامعية للطباعة والنشـر، 1986).
11. د. قباري محمد إسماعيل، **الاتجاهات المعاصرة في مناهج علم الاجتماع**، ط1، ( بيروت، دار الطلبة العرب، 1969 ).
12. د. ماهر صـالح علاوي الجبوري، **مباديء القانون الإداري دراسـة مقارنة**، ( الموصـل، دار الكتب للطباعة والنشر، 1996 ).
13. د. محمد حسن العيدروس، **دراسات في المشرق العربي المعاصر**، ط1، (الكويت، دار الكتاب الحديث، 2000).
14. د. محمد صفوح الأخرس، **نموذج الإستراتيجية الضبط الاجتماعي في الدول العربية**، ط1، ( الرياض، أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية، 1997 ).
15. د. محمد طه بدوي & د. ليلى أمين مرسـي، **المباديء الأسـاسـية في العلوم السـياسـية**، (الإسكندرية، منشأة المعارف، 2000).
16. د. محمد طه بدوي، **أصـول علـوم السياسة**، ط4، (الأسكندرية، المكتب المصري الحديث للطباعة والنشر، 1967).
17. د. محمد فايز عبد أسـعد، **مدخل إلى علم الاجتماع دراسـة نظرية في منهج المجتمع**، ( الرياض، منشورات دار الفيصل الثقافية، 1984 ).
18. د. محمد محمد الزلباني، **مدخل للنظم الاجتماعية**، ج1، ( القاهرة، المطبعة العالمية، 1972 ).
19. د. محمد نصر مهنا، **علم السياسة**، (القاهرة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، 1997).
20. د. وهبة الزحيلي، **حق الحرية في العالم**، ط1، ( دمشق، دار الفكر، 2000 ).
21. رايموند كارفيل كيتيل، **العلوم السياسية**، ج1، ط2، ( بغداد، مكتبة النهضة، 1963 ).
22. الشيخ راغب الأصفهاني، **الذريعة إلى مكارم الشريعة**، ( بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر، 1978 ).

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

23. عبد المنعم هاشم & عدلي سليمان، **الجماعات بين التنشئة والتنمية**، ( القاهرة، مكتبة القاهرة الحديثة، 1973 ).

24. عبدالباقي البكري و زهير البشير، **المدخل لدراسة القانون**، ( بغداد، المكتبة القانونية، 1989 ).

25. عبدالفتاح حسنين العروي، **الحكم بين السياسة والأخلاق**، (القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1992).

26. مجموعة من المؤلفين، **النظرية العامة في القانون الدستوري والنظام لدستوري في العراق**، ط2، ( بغداد، المكتبة القانونية، 2007 ).

27. محمد كامل ليلة، **النظم السياسية الدولة والحكومة**، ( القاهرة، مطبعة نهضة مصر، 1967 ).

28. ناصف نصار، **منطق السلطة مدخل إلى فلسفة الأمر**، ط1، ( بيروت، دار أمواج، 1995 ).

29. نويل تيمز، **علم الإجتماع ودراسة المشكلات الاجتماعية**، ت: د. غريب محمد سيد أحمد، ( الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية، 1981 ).

30. هارولد ج لاسكي، **الحريات في الدولة الحديثة**، سلسلة اخترنا لك (45)، (القاهرة، شركة الإعلانات الشرقية، 1965).

**ثانياً: المجلات العلمية**

1. د. سردار قادر محى الدين، **الحالة الإفتراضية لدى صانع القرار السياسي دراسة نظرية تحليلية**، مجلة الجامعة السليمانية/ قسم B الدراسات الإنسانية، العدد: 43، تشرين الثاني 2013.
2. د. سردار قادر محى الدين، **نظرية تمعنة السياسة في فهم الظاهرة السياسية دراسة تحليلية في فرضية التحقيق والتحكم بالذات**، مجلة الجامعة السليمانية/ قسم B الدراسات الإنسانية، العدد: 35، آذار 2013.

**الملخص:**

تكمن أهمية البحث في المسائل التي تدور حول طبيعة العلاقة القيمية بين الدين والسياسية من جانب والطبيعة الإنعكاسية بين القيم والسلوك السياسي، وهناك محاولات متنوعة من جوانب شتى في سبيل إيجاد حل توفيقي بين الظاهرتين، إلا أن الفكر الإقصائي السائد بين التيارين لم تؤد إلى نتيجة مرضية لحد الآن، بل المجتمع في حالة دؤوبة من التراوح والتشرذم الداخلي والتصارع على صعيد القيم. يعد هذا المشروع كمحاولة لإيجاد نتيجة توافقية للصراع التاريخي السائد منذ أكثر من قرن، ولم يحسم بعد، بل هناك تصاعد وتجديد في الصراع بين فينة وأخرى.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

إذن ليس حديث علاقة الدين بالدولة بأمر جديد، بل المشروع يركز على كيفية وماهية توظيف الدين وكشف مكانته في الحياة السياسية في المجتمع، فهذه المسألة في غاية الأهمية بالنسبة للمشروع ويوجه الطالب على هذا النحو في سبيل إيجاد حل توفيقي للخروج من تلك المعضلة التي عانت منها المجتمعات النامية وضاعت عنها التقدم والتطور والتجانس الإجتماعي، وأدت في نهاية المطاف إلى صراع دؤوب بين أطيافها على السلطة وهويتها.

كما تكمن فرضية البحث في: أن لكل سلوك سياسي منظومة قيمية تقف خلفه، ولا يمكن أن ينمو أو يتطور إلا من خلالها. حتى المنظومة القيمية تسبق السلوك السياسي وليس العكس. وهناك علاقة إنعكاسية بين القيم والسياسة بشكل عام، كما أن هناك علاقة إنعكاسية بين الدين والسياسة، ولكن العلاقة بين الدين والدولة تختلف من الأولى ولا يمكن تجسيد الدين في الدولة وأن تحكم السلطة من خلالها وباسمها.

## Abstract:

The importance of research in issues that revolve around the nature of value the relationship between religion and political by nature reflectiveness between values and political behavior, and there are attempts by a variety of different aspects of in order to find a compromise between the two phenomena, but the thought exclusionary prevailing between the two currents did not lead to a satisfactory result limit now, even the community in a state of unremitting Ranging internal fragmentation and to wrestle at the level of values. This project is an attempt to find a compromise as a result of the conflict historical prevailing over a century ago, has not decided yet, but there are mounting and the renewal of the conflict from time to time and again.

So not a modern relationship between religion and the state a new order, but the project focuses on how and what the exploitation of religion and revealed its position in the political life of the community, this issue is extremely important to the project and directs the student in this way in order to find a compromise solution to get out of that dilemma suffered by communities developing and missed her progress and development, social cohesion, and eventually led to the tireless struggle between the spectra of power and identity.

Research Hypothesis also lies in: that each political behavior of the ad valorem system behind it, and cannot grow or develop only through them. Even leading up to the value system of political behavior and not vice versa. A reflexive relationship between values and politics in general, as there reflectivity between religion and politics relationship, but the relationship between religion and state is different from the first embodiment cannot be religion in the state and that the power control and from which its name.